# ژاندارک

# کەنیشکەکەی ئورلێئان

ئەم کتێبە پێشکێشە:

بە لەیلا قاسم، زیلان و بەیان سێ ژنی شۆڕشگێڕ و گیانبەختکردووی کورد لە سێ پارچەی جیاوازی کوردستان.

# ژاندارک

## کەنیشکەکەی ئورلێئان

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

سیاوەش گۆدەرزی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ژاندارک کەنیشکەکەی ئۆرلێئان
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٣ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-73-7

# پێشەکی

هیچ شارێک لە فرەنسا نابیندرێ کە شەقامێک بەناوی ژاندارکەوە نەکرابێت. هەتا ئێستا بە سەدان و هەزاران ڕۆمان، چیرۆک، شانۆنامە و ئۆپێرا لەسەر ژاندارک و ژیان و بەسەرهاتی ئەو نووسراوە. لە ماوەی ساڵەکانی نێوان ١٨٩٨ هەتا ١٩٩٤ هەر لەو دەمەوە کامێرا، فیلم و سینەما داهات، لانی کەم ٤٠ فیلمی سینەمایی ڕەش و سپی و ڕەنگی لەسەر ژاندارک چێ کراوە.[١] ئێستاش پاش ٦٠٠ ساڵ هێشتا ژاندارک لە فرەنسا زیندووە و لە ڕۆژەڤدایە و هەر پارت و لایەنێک کەڵکی سیاسی لە سیمبۆلی ژاندارک وەردەگرن. ئەگەرچی ئێستا ڕاسیستەکانی فرەنسا وەک لۆپێن و بریژیت باردۆ لە ژاندارک وەک سیمبۆلێکی نەتەوەیی فرەنسایی کەڵکی سیاسی وەردەگرن. بەڵام ژاندارک بێجگە لە نیشتمانپەروەرێک و ژنێک کە دەیویست وڵاتەکەی لە بندەستی داگیرکاری ئینگلیز ڕزگار بکا، شتێکی تر نەبوو. لە سەردەمی ژاندارکدا وشەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی دانەهاتبوو هەتا بزاندرێ ناسیۆنالیزم چییە؟ ناسیۆنالیزم و بەدوای ئەودا کۆلۆنیالیزم و ڕاسیزم زۆر دواتر لە ئەورووپا سەری هەڵدا.

نیکولای سارکۆزی سەرکۆماری فرەنسا بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٦٠٠ ساڵەی ساڵوەرسووڕانەوەی سەرهەڵدانی ژاندارکدا

---

١. وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بەم چەند فیلمە بکرێ:

1928- La Passion de Jeanne d'Arc

1948 - Joan of Arc

1962 - Processen mot Jeanne d,Arc

زنجیرە دراما 1999- Joan of Arc

چووە گوندی "دومرەمی"، شوێنی لەدایکبوونی "ژان" لە نزیکی سترازبورگ کە ئێستا ناوەندی ئەوروپایە. مەبەستی سارکۆزی بێجگە لە پڕوپاگەندە بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری، هاوکات ئەوەش بوو کە بە لۆپێن نیشان بدا؛ ژاندارک مولْکی هەموو فرەنساییەکانە، نەک تەنیا ڕەگەزپەرستەکان. ژاندارک هی هەموو فرەنساییەکانە بە ڕەگەزپەرست، لیبراڵ و مەزهەبییەکانیشەوە.

کەم ژنی ناسراو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک ژاندارک هەبۆڤە کە ئەوەندە بەڵگەی لەسەر پارێزراو بێت. هەموو بەڵگەکانی مەحکەمەی ژاندارک تێکرا بەبێ کەموکورتی و بە وردەکارییەوە پارێزراون و ئێستا لە فرەنسادا هەن. هەر ئەمە وای کردووە کە بە هەزاران بەرهەمی ئەدەبی، هونەری و مێژوویی لەسەر ژاندارک بڵاو بکرێتەوە. خاڵی هاوبەشی هەموو نووسین و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ژاندارک چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستاشدا، ئەوە بۆڤە کە لایەنێک لە ژیان و خەباتی ژاندارک وەک قارەمانێکی نەتەوەیی بەرجەستە بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ژاندارک لە پرۆسێسێکی سەدان ساڵەدا ئەو سیمبۆلە نەتەوەیییەی لێ ساز کراوە کە ئیمڕۆ هەیە.

لەپاش تێپەڕبوونی ٣٠٠ ساڵ بەسەر سووتاندنی ژاندارک لەلایەن ئینگلیزییەکانەوە، جارێکی تر ژاندارک لە سەدەی ١٧٠٠دا لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریدا کەوتە ڕۆژەڤ. ئەوجار وەک سیمبۆلی پاکی و سروشتیی مرۆڤ کە هێماکانی سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و نوێبوونەوە لە ئەوروپا بوون. بە ڕێککەوت نییە کە بیرەوەریی ڕۆژی سووتاندنی ژاندارک و ڕۆژی مردنی ڤۆڵتێر هاوڕێککەوتە لەگەڵ یەکتری و ئەم دوو سیمبۆلە لە یەک کاتدا کەوتوونەتە و هەم دیسان دەکەونەوە بەر سەرنجی فرەنساییەکان هەم لە کۆن و هەم لە ئێستادا.

کاتێک لە سەدەی ١٨٠٠دا ناسیۆنالیزم سەری هەڵدا و بەگشتی

گرینگییەکی زۆر هەر لەو دەمەوە بەمێژوو درا، جارێکی تر ژاندارک بوو بەسووژەی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوانی مێژوویی. مێژوونووسان بەدوای سەرچاوە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی ژاندارکدا گەڕان و هەر ئەو دەم کۆمەڵێک کتێبی پڕ بایەخ لەسەر ژاندارک چاپ کرا. بەتایبەتی مێژوونووسێکی وەک ژول کۆچەرا[2] لە ساڵی ١٨٤٠دا مێژووی ژیان و بەسەرهاتی ژاندارکی لە پێنج بەرگی قەوارە گەورەدا بڵاو کردەوە. ژاندارک و هێمای کەسایەتیی خەباتکارانەی ئەو لەگەڵ هرووژمی بیر و هزری نوێ و ڕێنیسانس بۆ کۆمەڵگەی ئەو دەمی فرەنسا یان ئەورووپادا ڕێک دەهاتەوە. بیری ناسیۆنالیزم و ئازادیی تاکەکەس وەک هزری نوێ لە کەسایەتیی ڕۆمانتیکی ژاندارکدا ڕەنگی پێ درایەوە. وردە وردە لە کۆمەڵگەی فرەنسادا ژاندارک وەک خەباتکاری ئازادی و سیمبۆلی نەتەوەیی لە هەست و بیری فرەنساییەکاندا جێگەی گرت.

هەر لەو سەردەمەدا، کاتێک لە شەڕی نێوان ئەڵمانیا و فرەنسادا هەرێمی لەدایکبوونی ژاندارک (ئەڵبەت نە خودی گوندی دومرەمی)، ئالساک[3] و بەشێکی زۆر لە لۆرەن[4] کەوتە دەستی ئەڵمانیا جارێکی تر ژاندارک و ناسیۆنالیزمی فرەنسایی سەرلەنوێ لەدایک بووەوە. وەک میناک ڕۆژی ٣٠ مایی ساڵی ١٨٧٨ لە بیرەوەری ڕۆژی مەرگی ژاندارکدا ١٥ هەزار فرەنسایی لە لە گوندی دومرەمی کۆ بوونەوە.

ژاندارک وەک سیمبۆلێکی نەتەوەیی هەمیشە لە فرەنسا و پرسە نەتەوەییەکانی فرەنساوە گلێندراوە، تەنانەت لەو سکاندالانەش کە پێوەندییان بە پرسی نەتەوەیی لە فرەنسا بۆڤە، ژاندارکی لێ قوتار نەکراوە. سکاندالی درەیفوس یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانە. هەردوو لایەنی دژبەر

---

2. Jules Quicherat
3. Alsace
4. Lorraine

لە سکاندالّی درەیفویسدا[٥] چ ئەوانەی خوازیاری ئازادیی تاک لە دژی سەرکوتی دەوڵەت و چ ئەوانەش نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای دەوڵەت و پاراستنی یاسا و ڕێسا بە هەموو نرخێکیان دەکرد، ژاندارکیان وەک سیمبۆلی بیر و هزری خۆیان دەزانی.

داخوازی ئەوە ژاندارک وەک فریشتە و پیرۆزە لەلایەن کڵێساوە بناسرێ، پرۆسێسێک بوو کە لە ساڵی ١٨٦٩ دەستی پێ کردبوو بەڵام هەتا کۆتاییی سەدەی هەژدەم ئەو دەمەی سۆسیالیستەکانی فەرەنسا لە نێوجەرگەی کڵێساکاندا دەستیان بە خەباتی جەماوەری نەکردبوو ئەم مەسەلەیە زۆر نەکەوتە بەر سەرنج. لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە ناو و سیمبۆلی ژاندارک و خۆشەویستیی ئەو لەنێو خەڵکدا وەک چەکێک بۆ گەڕانەوەی ڕۆحە لەدەستچووەکان لە کۆمەڵگەی پیشەسازی کەڵکی لێ وەرگیرا و هەر بۆیە داخوازی دانپێنانی پاپ بە ژاندارک وەک فریشتە ڕەوتێکی زۆر خێرای گرت. ساڵی ١٩٢٠ ژاندارک لەلایەن پاپ بێنێدیکتوسی پازدەم[٦] وەک فریشتە ڕاگەیاندرا و حوکمی مەحکەمەی کڵێسا لە ساڵی ١٤٣١دا کە ژاندارکی لەنێو ئاگردا سووتاند، هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرا.

لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووەمدا، جەنەڕاڵ دوگۆل ئەو شێوازە خاچەی کە لە هەرێمی لەدایکبوونی ژاندارکدا لە هەرێمی لۆرەن باو بوو، کردی بە سیمبۆلی سەربازانی ئازادی لە دژی داگیرکاری ئەڵمانیای نازی.

---

٥. درەیفوس سکاندالێکی سیاسی بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٤ و ١٩٠٦ قەوما. ئەم سکاندالە لە سەرەتادا بەوە دەستی پێ کرد کە پلەداری ئەرتەش Alfred Dreyfus ئالفرێد درەیفیوسی بە ڕەچەڵەک جوولەکە بە تاوانی سیخوڕی تۆمەتبار کرا کە گۆیا بەڵگەی نهێنیی لە هەوێڵی ئەلمانیا ناوە. ئەمە بوو بەهۆی سکاندالێک کە هەموو ئیلیتی سیاسی و ڕووناکبیریی فرەنسای گرتەوە و بە تایبەتی ڕۆڵی دەوڵەت و پرسی ئازادیی تاک کەوتە ڕۆژەڤی ئەو دەمی فرەنسا.

6. Benediktus XV

بێجگە لەوە هەموو ڕۆژی ٨ی مایی هەموو ساڵێک سەرکۆمارەکانی فرەنسا ئازادکردنی ئورلێئان لە دەستی ئینگلیزییەکان بەهۆی ژاندارکەوە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لە کۆشکی ئیلیزە جێژن دەگرن. ژاندارک لە مێژووی فرەنسادا تەنیا کەسایەتییەکی مێژوویی نییە، ئەو "ژنە گەورە"[7]ی فرەنسایە، ئەو سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی فرەنساییبوونە. لەلایەکی تریشەوە ژاندارک لە لایەن کڵێسا و کاتۆلیکەکانەوە وەک پیرۆزە و قەدیسە ناسراوە. واتە ژاندارک لە یەک کاتدا هەم سیمبۆلی نەتەوەیی، هەم سیمبۆلی ڕزگاریدەری فرەنسا لە دەستی داگیرکاری و هەم سیمبۆلی مەزهەبیی فرەنساییەکانە.

ئێستا ژاندارک خۆشەویستی هەموو دەستە و گرووپێکە لە فرەنسا، کڵێسا وەک فریشتەی دەزانێ، ناسیۆنالیستەکان وەک سیمبۆلی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانن و سۆسیالیستەکانیش وەک خەباتکارێکی گەورەی ڕێگەی ئازادی. بەکورتی ژاندارک نوێنەرایەتیی هەموو فرەنساییەکان و فرەنسا دەکا. سیمبۆلی ژاندارک هەتا ڕۆژی ئیمڕۆش لە فرەنسا و لەلای فرەنساییەکان لە ڕۆژەڤدایە و باسی ژاندارک قەت بڕانەوەی بۆ نییە.

**بۆچی ژاندارک بەکوردی؟**

ئێستا دوای ئەم سەرەتایە لەسەر ژاندارک و گرینگیی سیمبۆلیکی "ژان" لای فرەنساییەکان، ڕەنگە هەتا ڕادەیەک بوونی کتێبێکی لەم چەشنە لە کتێبخانەی کوردیدا گرینگییەکەی دەرکەوتبێ. وەک من بزانم بێجگە لە کتێبێک بە هۆی نووسەری پڕ بەرهەم، زیندەیاد شاکر فەتاحەوە لەسەر ژاندارک بەناوی "ژاندارک" نەبێت، نووسراوەیەکی تر لەسەر ژاندارک لە کتێبخانەی کوردیدا نییە.

---

7. Grande Dame

بەڵام بۆ هەبوونی ئەم کتێبە بە زمانی کوردی چەند هۆکارێکی تریش دەکرێ دەستنیشان بکرێن:

یەکەم،

ئەگەرچی ژاندارک وەک سیمبۆل هەمیشە لە ڕۆژەڤی فرەنساییەکاندایە، بەڵام ئەو قارەمانی ئەفسانەییی شەڕی ڕزگاریخوازی و خەباتی نەتەوەییە. خەباتێک کە بەداخەوە ئێستاش لە کوردستان بەهۆی داگیرکاری و بێبەشی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی لە پلەی هەرە بەرزدا لە ئارادایە. ژیان و خەباتی ژاندارک ئێستاش لە ژیانی ڕۆژانەی خەباتگێڕانی کورددا ڕەنگ دەداتەوە. تەنانەت لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتێکی خۆیی کوردی هەیە بەڵام بەشێکی گرینگی ئەو پارچەیەش لە کوردستان ئازاد نییە و بە ناوی ناوچەی "دابڕێندراو" لە خاکی کوردستان ناسراون. کەواتە خەباتی نەتەوەیی گەلان و سیمبۆلە نەتەوەییەکانی گەلانی تر چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا هەر ئێستا لە ڕۆژەڤی سیاسیی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدایە.

دووەم،

ئێمەی کورد وەک جڤاک بەهۆی دابڕانی سیاسی و دابەشبوون لەنێو چوار قەوارەی سیاسیی جیاوازدا بە چوار کولتووری جیاجیای سیاسی و جڤاکی لە خۆیدا گەلێکی لێکدابڕاوین و ئەمەش لەگەڵ خۆیدا پرسی سیمبۆلی نەتەوەییی هاوبەشی هێناوەتە گۆڕێ. بەڕوونی ئاماژەی پێ بکەم، ئێمە وەک کورد پرسی سیمبۆڵمان هەیە. لەگەڵ بوونی دەیان سیمبۆلی نەتەوەیی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورددا هێشتا سیمبۆلە نەتەوەییەکانمان وەک کولتوور و وەک جڤاک وەک ئەوەی پێویست بێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێگەیان نەگرتووە. ئێمە وەک کورد پێویستمان بە ژاندارکێک یان چەند ژاندارکێک لە شێوازی ژاندارکی فرەنسایی هەیە کە سیمبۆلی هاوبەشی هەموو کورد بێت بەبێ کارتێگەریی جوگرافی، سیاسی،

زمانی و تەنانەت ئاینیش. بەبێ ئەوەی ناوی یەکێک لە خەباتکارانی گەورەی ئازادیی کوردستان ناو بەرم، ئێمە هەر ئێستا ئەو سیمبۆلانەمان هەیە. بەڵام بۆ نەکراون بە سیمبۆلی هاوبەش، ئەوەش سیاسەتی باوی کوردی "دەردە کورد"ە کە کۆسپی هەرە گەورە بۆڤەو هەیە.

دەزانین بەشێکی گرینگ لە پرۆسێسی دروستبوونی پێناسەی نەتەوەیی بەهۆی سیمبۆلەکانەوە دروست دەبێ. هەروەک چۆن ژاندارک لە ڕێگەی میتۆلۆجی (جیڤانۆک)، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان، کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە بوو بە سیمبۆلی نەتەوەیی و فرەنساییەکانی بەدەوری ئەو سیمبۆلەدا کۆ کردەوە. ئێمەش وەک نەتەوەیەکی سەرتۆپی ئەم زەوییە لە پرۆسێسی دووبارە زیندووکردنەوەی خۆمان و دروستکردنی هەست و بیرەوەریی هاوبەشی نەتەوەیی پێویستمان بە سیمبۆلە نەتەوەییەکان هەیە. ژاندارک هیچ نەبێ ڕەنگە پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ دابڕانی کولتووری و سیمبۆلە هێشتا جێگە نەگرتووەکانی کورد لە زەین و ڕۆحی مرۆڤی کورددا، لای خوێنەر بورووژێنێ.

سێیەم،

وەک لە سەرەتای ئەم سەرەتایە ئاماژەم پێ کرد، ئێستاش ژاندارک لە ڕۆژەڤدایە و هیچ نەبێ لە ساڵی ٢٠١١دا چەند جار شانۆنامەی ژاندارک بە نوێکردنەوە و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی ئیمڕۆییدا کەوتووەتە سەر پەردەی شانۆ بۆ نموونە لە شارە گەورەکانی وڵاتێکی بچووکی وەک سوێد. جێی خۆیەتی ژاندارک و سیمبۆلی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژاندارک گرێدراو بە خەباتی نەتەوەییی کورد و پرسی کورد وەک پرسی خاکێکی داگیرکراو و دابڕێندراو (وەک نموونەی بەرچاویش کەیسی کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکانی تر) لەلایەن شانۆکارانی کوردەوە لە ستایل و شێوازێکی کوردانەدا بکەوێتە سەر پەردەی شانۆکانی کوردستان.

چەند تێبینییەک:

یەکەم،

هەموو تێکست و فاکتەکان لەسەر ژاندارک و بێرتۆلت برێخت لە زمانی سوێدی و ئینگلیزییەوە لە وتار و نووسینی جیاوازی ڕۆژنامە، کتێب و ئینتەرنێتدا وەرگێڕدراون. لە کۆتاییی کتێبەکەدا ئاماژە بەهەموو سەرچاوەکان کراوە.

دووەم،

دەقی شانۆنامەکەی ژاندارک لە وەرگێڕانێکی ئینگلیزی لە ئینتەرنێت[8] و هەروەها وەرگێڕانێکی فارسیی عەبدوڵلا کەوسەری[9] وەرگیراوە، بەڵام دیسان بۆ متمانەی زیاتر و بەتایبەتی نووسینی ڕاستیی ناو و شوێنەکان لەبەرئەوەی دەقی وەرگێڕانەکەی کەوسەریش لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە، لە شێوەی نووسینی دروستی ئەوان لە فەرهەنگ و ئێنسکلۆپیدیای فرەنسایی کەڵک وەرگیراوە.

سێیەم،

شێوازی داڕشتنی کتێبەکە و دانانی ناوی کتێبەکە بۆ خۆم کردوومە و ئەگەرچی کتێبەکە وەرگێڕانی جیاواز لەخۆ دەگرێ بەڵام وەک کتێبێکی سەربەخۆ پێشکێش دەکرێ.

سیاوەش گۆدەرزی

---

8. The Trial of Joan of Arc at Rouen 1952
Adapted from a radio play by Anna Seghers
Digitalized by RevSocialist for Socialistories

٩. محاکمە ژاندارک در روان، برتولت برشت، عبدالله کوثری، انتشارات توس.

## ژیان و بەسەرهاتی ژاندارک

کەنیشکەکەی ئورلێئان، ژاندارک نموونەی یەکێک لە ژنە شەڕکەرەکانی مێژووی جیهانە. سەرکەوتنەکانی ئەو لە شەڕدا بوو کە کۆتایی بە شەڕی سەد ساڵەی نێوان ئینگلیز و فەرەنسا هێنا. دەگوترێ ئەو بۆ خۆی لە شەڕەکاندا تەنانەت تاقە کەسێکیشی بریندار نەکرد بەڵام لە پلانڕێژی سەربازی و وردان بەسەربازەکان ڕۆڵی هەرە کاریگەری گێڕاوە.

ژان، ژاندارک[١٠] یان وەک ناسراوە کەنیشکەکەی ئورلێئان لە باوکێک بەناوی ژاکدارک و لە دایکێک بە ناوی ئیزابێل ڕۆمێیە لە ڕۆژی ٦ی ژانڤییەی ساڵی ١٤١٢ لە گوندی دومرەمی[١١] لە ناوچەی لۆرەن[١٢] لەدایک بوو. ماڵە ژاندارک خاوەنی عەرزێکی بیست هێکتاری بوون. ژاکدارک لە قەراغ کاری جووتێری، کاری حکوومەتی وەک سەندنی باج و خەراجی لە گوندییەکان بەئەستۆ وەبوو. گوندەکەی ژاندارک سەرەڕای ئەوە لەلایەن هێزە بورژونییەکانەوە[١٣] گەمارۆ درابوو بەڵام هێشتا خەڵکی گوند بە شای فەرەنسا وەفادار بوون.

ژان کچە گوندییەک بوو کە خوێندەواریی نەبوو و نەیدەتوانی نە بخوێنێتەوە و نەش بنووسێ. دەگوترێ لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەنگە غەیبی و

10. Jeanne la Pucelle یان JEANNE DARC

11. Domrémy

12. Lorraine

13. burgund بورگوندییەکان ئەو لەشکرە فەرەنساییانە بوون کە لەژێر فەرماندەیی کەسێک لە بنەماڵەی شای فەرەنسادا بەناوی فیلیپ دەسەڵاتیان بەسەر چەند هەرێمێک لە فەرەنسا لەوانە هەرێمی گرینگی وەک "ڕەیم"دا هەبوو و بەئاشکرا لە دژی شای فەرەنسا هاوکاریی ئینگلیزییەکانیان دەکرد.

ئاسمانییەکانی گوێ لێبوّقە. وەک دەنگی غەیبی فریشتەکان لەلایەن فریشتەگەلێکی وەک کاترینی پیرۆز، مارگاریّتای پیرۆز و میشێلی پیرۆز کە ئامۆژگارییان کردووە لە پێوەندییە جنسییەکان خۆ بپارێزێ و سەرەنجام نیشتمان لە دەستی ئینگلیزییە داگیرکەرەکان ڕزگار بکا.

شەڕی سەد ساڵەی نێوان ئینگلیز و فرەنسا[١٤] وردە وردە بەرەو کۆتایی دەچوو، زۆربەی هەرە زۆری خاکی فرەنسا لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کرابوو. شای ئینگلیز هێنریکی چوارەم[١٥] کۆشکی پادشاییی هێنابوّقە پاریس و تاج و تەختی شازادە کارلی فرەنسایی بەفەرمی نەدەناسی و خۆی بە دەسەڵاتداری هەموو خاکی فرەنسا دەزانی.

مێژوونووسان لەو باوەڕەدان دەسەڵاتداریەتیی سیاسی و سەربازیی فرەنسا بەسەهۆی شەڕی درێژخایەنەوە بەشێوەیەک لاواز و بێ چارە بووبوون کە هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکیان بۆ خۆدەربازکردن لە تێکشکانی تەواو لە دەستی ئینگلیزییەکان تاقی دەکردەوە. کاتێک کچێکی گوندیی نەخوێندەواری وەک ژاندارک پێشنیازی بەشداری لە شەڕ و فەرماندەییی شەڕی لە دژی ئینگلیزییەکانی خستە بەردەم شای فرەنسا،

١٤. لەبەرئەوەی ئینگلیز داخوازی شایەتی فرەنساشی دەکرد و شای فرەنسای بە فەرمی نەدەناسی، شەڕی سەد ساڵەی نێوان ئینگلیز و فرەنسا لە ساڵی ١٣٣٧ دەستی پێ کرد و هەموو شەڕی سەد ساڵە لەنێو خاکی فرەنسادا کرا. فرەنسا بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ تووشی قاتوقڕی و نەخۆشیی جۆرەوجۆری گیرۆدەیی هاتبوو و بازرگانە فرەنساییەکان پێوەندییان لەگەڵ دنیای دەرەوە پچڕابوو، ئەمەش یەکێک لەو فاکتەرانە بوو کە بە قازانجی ئینگلیز و لە درێژەکێشانی شەڕدا کاریگەری هەبوو. ئینگلیزییەکان سەرەڕای درێژەکێشانی شەڕ، بە بەشێکی بەرچاو لە مەبەستە سەربازییەکانی خۆیان گەیشتن و دەسەڵاتیان بەسەر بەشی هەرە زۆری خاکی فرەنسادا سەپاند، لانی کەم لە تەمەنی جیلێک لە ژیانی فرەنساییەکاندا. ئەگەرچی چەند قۆناغێک ئاشتیی لەرزۆک هاتە گۆڕێ بەڵام هەموو ماوەی سەد ساڵ شەڕ هەروا لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا درێژەی هەبوو.

15. Henry IV

ئەگــەرچی ئەمــە دوودڵی و گــومــانی دروست دەكــرد و ڕەنگە لە كــاتی ئاســایشــیــدا جــێگەی پێكەنین و گــاڵتــەجــاڕیی دەســـەڵاتدارانی فــرەنــسـا بووبووایــە، بەڵام دیســان ئەم هەوڵەش لە ڕووی ناچارییـــەوە لەلایەن شــازادە كارلەوە تاقی كرایەوە[١٦].

ژاندارك چووە دیداری شازادەی بێدەسەڵاتی فرەنسا لە شاری شینۆن[١٧] لە هەرێمی بوورژە[١٨]. زۆر ڕوون نییە كە لە نێوان ژان و شازادەدا چی گوترا و چی باس كــرا؟ بــەڵام دوای چاوپێكەوتنی ئەوان، ڕێگە بە ژان درا كــە بە جلی ســەربازییــەوە (جلی پیــاوانەوە بـچـێتــە بــەرەكــانی شــەڕ). لەســەر ئەو بەیداخــە ســپییــەی ژان بۆ بەشداری لە شــەڕەكاندا هەڵی بژارد، نیشــانەی گوڵی زەمەق كە ئێستا نیشانە و سیمبۆلی نەتەوەیی فرەنسـاییــیەكانەوە هــەروەها ناوی عیسا و مەریەمی مەسیح نەخش كرابوون.

ژاندارك یەكــەم نامــەی بۆ ئینگلیزییــەكــان لە نێـوان مــانگەكــانی ئادار و ئەپریلی ســاڵی ١٤٢٩ نووسی و بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە داوای لێ كردن بەبێ ڕاوەستان خاكی فرەنسا بەجێ بێڵن. ژاندارك نووسی:

ئەی شــای ئینگلیــز و تۆش دوك (قــایمـقــام)ی بــەدفــورد كــە خــۆت بە میراتگری تەختی پاشایەتیی فرەنسا دەزانی!

ئێـوە قــەرزداری شــای ئاســمــانن، ئــەم قــەرزە وەرگــەڕێننەوە دەســتی "پیــرۆزە" (ژاندارك)، ئــەو كــەســەی كــە لەلایەن شــای ئاســمــانەوە نێردراوە. كلیلی هــەموو شــارە باشــەكانی خاكی پیرۆز كە ئێـوە بەبێ

---

١٦. بۆ نموونە مـێژوونـووسـێكی وەك سـتـیـڤـێن ریچـەی Richey. Stephen W لەســەر ئەو باوەڕەیە دەسەڵاتداریەتیی فرەنسا دەبێ لەوپەڕی سەرلێشێواوی و دەستەوەستانیدا بووبێت كە دەسپێشخەری ژاندارکی پەسند كردبێت.

١٧. ئێستا پاشماوەی ئەو ژوورە لە قەڵای پاشایەتی كە ژاندارك پادشای فرەنسای لە شینۆن چاوپێكەوت، كراوەتە مۆزەی تایبەت بە ژاندارك بۆ گەشتیاران.

18. Bourges

ڕێزییەوە دزیوتانە، وەرگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکەی.

بەهاتنی ژاندارک بۆ بەرەکانی شەڕ، شیانی مەترسییەک بۆ سەر شای لاوازی فرەنسا هەبوو، ئەویش ئەوە بوو شەڕی نێوان فرەنسا و ئینگلیز دەکرا ڕەنگی شەڕێکی ئاینی بەخۆیەوە بگرێت. ڕاوێژکارانی شازادە کارل لەوە بەئاگا بوون کە دوژمنەکانیان لە ژاندارک و ئەوە کە لەلایەن فریشتەکانەوە نێردراوە کەڵکی ئاینی وەرگرن و بانگەشەی ئەوە بکەن کە ژاندارک لەلایەن خوا و فریشتەکانەوە نا بگرە لەلایەن شەیتانەوە نێردراوە. هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە ئینگلیزییەکان دەیانتوانی پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە ژاندارک پیرۆزە نییە بگرە جادووگەر و کەسێکی وەرگەڕاوەیە لە دین.

بۆ ئەوە کارل بتوانێ ئەم مەترسییە پووچەڵ بکاتەوە و بەتەواوەتی لە پاشخانی ژاندارک دڵنیا بێ، تیۆلۆج و دیناسەکانی پواتیەری[19] ڕاسپارد کە تاقیکردنەوەی ئاینی لەسەر ژاندارک بکەن. لە ئەپریلی ١٩٢٩دا کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی دینی ئاکامی تاقیکردنەوەی خۆی ڕاگەیاند و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژاندارک مەسیحییەکی جێگەی باوەڕ، میهرەبان، دڵسۆز و خزمەتکارە. کۆمیسیۆن زۆر بەلای وردەکارییەکانی ئاینیدا نەچوو تەنیا وەک پێویستییەک کە فرەنسا بە ژاندارکی هەبوو، ئەوی لە تەواوەتی خۆیدا پەسند کرد.

ژاندارک لە ڕۆژی ٢٩ی ئەپریلدا بە فەرمی چووە شەڕی ئینگلیزییەکان لە ئورلێئان، لە سەرەتادا فەرماندە سەربازییەکان و یەک لەوان سەرۆکی قشوونی ئورلێئان ژاندارکیان لە وردەکارییەکانی شەڕ ئاگەدار نەدەکرد بەڵام دیسانەکە ژاندارک بە سمنجی و دەستپێشخەریی خۆی لە شەڕەکان و کۆبوونەوە سەربازییەکاندا بەشداریی چالاکانەی دەکرد و بە هەموو شێوازێک هەوڵی دەدا بۆچوونە سەربازییەکانی خۆی بدات بە پەسندکردن.

لەسەر ئەوەی بەڕاستی ژاندارک چ ڕۆڵێکی لە شەڕەکاندا و بە کردەوە لە

19. Poitiers

مەیدانی ڕاستی شەڕدا گێڕاوە، ناکۆکی لە نێوان مێژوونووساندا هەیە. مێژوونووسێکی نەریتی وەک ئێدوارد پێرۆی[٢٠] لەو باوەڕەدایە کە ژاندارک بەر لەوەی شەڕکەرێکی باش بێت، وربەرزکەرەوەیەکی باش بۆڤە. بەهۆی ژاندارک و بەیداخە سپییەکەیەوە وورەی سەربازە فرەنساییەکان لە کاتی شەڕەکاندا بەرز دەبووەوە و دەبۆڤە هۆی بەردەوامیی شەڕ و هەڵنەهاتن و سەرەنجام سەرکەوتن لە شەڕدا.

ئەم جۆرە لێکدانەوانە لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆڵی مەحکەمە و قسە و نووسینی شایەتحاڵانی سەردەمی ژاندارک داڕێژراوە. بۆ نموونە ژاندارک دوای گیرانی لە مەحکەمەی ئینگلیزییەکاندا کاتێک لێیان پرسی کە تۆ ئاڵات پێ گرینگترە یان شیر؟ وتی: ئاڵا. ئەمەش بەقسەی مێژوونووسان نیشانەی ئەوەیە کە ژاندارک زیاتر ئەرکی بەرزکردنەوەی ئاڵای لە کاتی شەڕەکان و هەر بەو پێیەش بەرزکردنەوەی وورە و مۆراڵی سەربازەکانی لە شەڕدا بە ئەستۆ بۆڤە. بەڵام مێژوونووسانی نوێتر بەپێی هێندێک بەڵگە دەریان خستووە کە ژاندارک بێجگە لەوە کە لە بەرزڕاگرتنی وورەی سەربازەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبۆڤە هاوکات شەڕکەرێکی ئازاش بۆڤە. بەپێی قسەی یەکێک لە فەرماندەکان لە مەحکەمەدا ژاندارک ستراتیج و فەرماندەیەکی لێزان و ئازا بۆڤە. بەڵام ئەوەی کە هەموو مێژوونووسان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە لە ماوەی بەشداریی ژاندارک لە شەڕەکاندا فرەنساییەکان سەرکەوتنی گەورەیان لە شەڕەکاندا وەدەست هێنا.

ژاندارک هەر لە دەسپێکەوە ستراتیجییەکی تری جیاواز لە فەرماندە سەربازییە فرەنسەییەکانی هەڵبژارد. لە باتیی بەرگری و بەرپەرچدانەوە، ئەو هێرش و پەلاماری وەک ستراتیجی هەڵبژارد. لە کاتێکدا پێش لە هاتنی ژاندارک هەوڵی فرەنساییەکان بۆ تێکشکانی ئورلێئان بێ ئاکام مابووەوە بەڵام ژاندارک بەهێرشی پەیتاپەیتا و لە کاتێکیشدا جارێک تیرێکی

20. Édouard Perroy

بەرکـەوت و بریندار بوو، لە پەلامـاردان نـەپرینگایەوە و تـوانی گـەمـارۆی ئورلێئـان تێک بشکێنی و ئینگلیزییەکان لەو هەرێمە ڕاو بنێ. برینداربوونی ژان، نەحەسانەوە و درێژەدان بە شەڕ بوو بەهۆی ناوبانگ دەرکردنی ئەو و ئیتر لەوە بەدوا لەنێو خەڵک و سەربازەکاندا وەک قارەمانێک بە ڕێزەوە ناوی دەبرا و گرینگی بەبۆچوونەکانی دەدرا و بڕیارەکانی جێبەجێ دەکرا.

ژاندارک دوای سەرکەوتنی شەڕی هەشت ڕۆژە، لە مێژووی ٢٥ی ژوونەنی ١٤٢٩ نامەیەکی بۆ خەڵکی تورنای نووسی[٢١]. لە بەشێک لە نامەکەدا هاتبوو:

> لەلایەن پیرۆزەوە ئاگەدار بن کە ئەو لە ماوەی هەشت ڕۆژدا هەموو هێزی ئینگلیزی بە درێژاییی ڕووباری لوار[٢٢] پاک کردەوە، خاکە داگیرکراوەکان ڕزگار کران. سەربازە ئینگلیزییەکان کوژران، یان بەدیل گیران یان ورەیان بەردا و هەڵهاتوون.

هەر لەو سەروبەندەدا و کەمتر لە مانگێک ژاندارک نامەیەکی تریشی بۆ سەرۆکی بورژونییەکان فیلیپی سێیەم[٢٣] لە مێژووی ١٧ی جولایی ١٤٢٩ نووسی:

> سەرۆکی بورژون، داوات لێ دەکەم، داوات لێ دەکەم و بە دڵسۆزییەوە لێت دەپاڕێمەوە کە ئیتر لەوە زیاتر شەڕی خاکی پیرۆزی پاشایەتیی فرەنسا مەکە. هەرچی زووترە پیاوەکانت لە هەموو سەنگەر و بەرەکانی شەڕی خاکی پیرۆزی شایەتی فرەنسا بۆ دواوە بکشێنەوە. من بەڵێنت پێ دەدەم کە شای خۆشەویست و دلۆڤانمان بە شەرەفەوە دەستی ئاشتیت بۆ درێژ بکا.

دوای سەرکەوتنی لە ناکاو لە ئورلێئان لە بەرەی فەرەنسییەکاندا پێشنیازی هێرش و پەلاماری نوێ بۆ سەر ئینگلیزییەکان کەوتە ڕۆژەڤ و

21.Tournai
22. Loire
23. Philippe III de Bourgogne

لەلایەن ئینگلیزییەکانیشەوە هەوڵی ئەوە دەدرا هیچ نەبێ بتوانن هەرێمە ئازادکراوەکانی پاریس و نورماندی جارێکی تر داگیر بکەنەوە.

شازادە کارل پێشنیازی ژاندارکی پەسند کرد بۆ هێرشێکی نوێ بۆ پاککردنەوەی رێگە و دابینکردنی ئاسایشی پردەکانی سەر چۆمی لوار و دواتر ئازادکردنی شاری "رەیم"[٢٤] و بەجێگەیاندنی رێورەسمی تاج لەسەرنانی شازادە کارل. ئەمە پێشنیازێکی یەکجار ئازایانە بوو چونکە شاری "رەیم" لە قووڵایی ناوچە داگیرکراوەکاندا هەڵکەوتبوو و بێجگە لەوەش دووجار زیاتر لە پاریس لە بەرەی شەڕی فرەنساییەکانەوە دوورتر بوو.

لەشکری فرەنساییەکان رۆژی ١٢ی ژووئەن ژارگۆ[٢٥]، رۆژی ١٥ی ژووئەن مونگوسیر لوار[٢٦] و رۆژی ١٧ی ژووئەن بێگانسی[٢٧] ئازاد کرد. بەدوای ئازادکردنی ئەم شارانەدا ئەوجار سەرۆکی ئالێنسۆن[٢٨] هەموو پێشنیاز و را و بۆچوونەکانی ژاندارکی لە جێدا پەسند دەکرد و هەروەها فەرماندە سەربازییەکانی تریش کە پێشتر کارشکێنی هەرمانەکانی ئەویان دەکرد ئەوانیش زیاتر گوێڕایەڵ بوون و رێزیان بۆ ئەرک و راسپێردەکانی دادەنا.

دوای ئازادکردنی گەینسویرلوار[٢٩] لە رۆژی ٢٩ی ژووئەندا، رۆژی ٣ی جولای شاری ئوکسێر[٣٠] کە لەلایەن بورژونییەکانەوە دەپارێزرا ئەویش ئازاد کرا و لەشکری ژاندارک سەرکەوتووانە بەرەو ""رەیم"" بۆ پێشەوە چوو. شارەکانی تری سەر رێگەی ""رەیم"" بەبێ شەڕ و تێکهەڵچوونی بەرچاو یەک

---

24. Reims نوتێردامی رەیم Notre-Dame de Reims ئەو شوێنە مێژووییە بوو کە هەتا ساڵی ١٤٨١ ئەو کاتەی بە تەواوەتی لەنێو بڵێسەی ئاگردا سووتا، پادشاکانی فرەنسا وەک نەریت لەوێ رێورەسمی تاج لەسەرنانیان تێدا بەرێوە دەبرد.

25. Jargeau

26. Meung-sur-Loire

27. Beaugency

28. Beaugency

29. Gien-sur-Loire

30. Auxerre

لە دوای یەک ئازاد کران. ترۆیە[٣١] ئەو جێگەیەی کە لەوێدا هەوڵی ئەوە درا کە میراتی پاشایەتی لە شازادە کارل لەلایەن چەند ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتییەوە و لەنێو ئەواندا بورژونییەکان بسەندرێتەوە، دوای چوار ڕۆژ گەمارۆ ئەویش بەبێ شەڕ و خوێنڕشتن ئازاد کرا.

ڕۆژی ١٧ی جولای شاری "ڕەیم" گیرا و بۆ ڕۆژی دوایی ڕێوڕەسمی تاج لەسەردانانی شازادە کارل بەڕێوە چوو[٣٢]. لەگەڵ ئەوەی ژاندارک و سەرۆک ئالێنسۆن پێشنیازیان کرد کە لەشکری فەرەنسا بەبێ ڕاوەستان بەرەو پاریس وەڕێ بکەوێ بەڵام کارلی حەوتەم کە ئێستا پادشا بوو بەپێچەوانە، پێشنیازی ئاگربەسی دا و فەرمانی دا لەگەڵ بورژونییەکان بکەونە وتووێژ. لە دەرەوەی ڕێککەوتن و ئاگربەس بورژونییەکان لەو ماوەیەدا کەوتنە خۆڕێکخستنەوە و بەتایبەتی کۆکردنەوەی هێز لە پاریس لە دژی هێزە فرەنساییەکان.

لە ماوەی ئاشتی و وتووێژدا لەشکری فەرەنسا هەتا گوندەکانی نزیک پاریس چوو و ئاخرەکەی پاریس بەبێ شەڕ ئازاد کرا. بەڵام دوکی[٣٣] بەدفورد کە هێزێکی ئینگلیزی لە بەردەستدا بوو خۆی نەدا بەدەستەوە و توانی هەتا ١٥ی ئوگوست هەر لە پاریس بەرگری بکا. لەشکری فەرەنسا ئاخرەکەی ٨ی سێپتەمبەر هێرشێکی نوێی بۆ سەر پاریس دەست پێ کرد. لەگەڵ ئەوەی ژاندارک پێی لە شەڕدا بریندار بووبوو بەڵام هەروەک شەڕی

31. Troyes

٣٢. لە داستانێکی تردا سەبارەت بە چارەنووسی ژاندارک دوای ئازادکردنی شاری ڕەیم هاتووە: دوای ئەوە لەژێر فەرماندەری ژاندارکدا هێزەکانی ئینگلیز لە ئورلێئان و پاتای پاشەکشەیان پێ کرا، شازادە کارلی حەوتەم لە شاری ڕەیم تاجی شایەتی لە سەر نا. ئێستا ژان بە ئاوات و ئامانجی خۆی گەیشتبوو و دەیویست بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی. بەڵام لەلایەن پادشاوە قەناعەتی پێ کرا کە بمێنێتەوە و وەک فەرماندەی لەشکرێکی نوێ لە شەڕی ئازادکردنی پاریسدا بەشداری بکا.

33. Bedford

ئورلێـئـان هەروا لـە شـەڕکـردن و فـەرمـاندەییکردنی هـێـزەکـان لـە قـەراخ دیوارەکانی پاریس بەردەوام بوو. لە ناکاو فەرمانی پاشەکشە لەلایەن شاوە گەیشتە ژاندارک. دواتر لە مانگی نۆڤەمبەردا دوو شاری تر ژان سێن پییەر لوموتییە[٣٤] و ئادلادێ[٣٥] لەژێر فەرماندەری ژاندارکدا ئازاد کران.

ژاندارک لـە دوای شـەڕێکی کـەم بایەخ لـە لاشـاریتـە سـویرلوار[٣٦] لە مـانگەکانی نۆڤـەمـبـەر و دیسـەمـبـەردا بۆ تێکشکانی گـەمـارۆی بورژونی و ئینگلیزییەکان لە مانگی ئەپریلدا خۆی گەیاندە کومپەین[٣٧].

سـەرەنجـام ژاندارک لە شـەڕێکی بـچـووک بەڵام پڕ مـەترسـیدا ڕۆژی ٢٣ی مای ١٤٣٠ بەدیل گیرا.

چیـرۆکی گـیـرانەکـەی بەم شـێـوەیە دەگـێـڕنەوە؛ لـە دوای ئەوە ژاندارک فـەرمـانـی پاشـەکشـەی بەلەشکرەکەی دا، ئـەو تـەنیـا بۆ خـۆی وێرای چەند کـەسـێک وەک دواشـەڕکـەرەکان لە مـەیدانی شـەڕەکـە مـابوونەوە. لەم کاتەدا بورژونییەکان لە پشتەوە پەلاماریان دا، ژاندارک لەپێشدا نەیدەویست خۆی بەدەسـتــەوە بدا بەڵام بەهـۆی تیـرێکەوە ئەسـپـەکـەی بریندار بـوو و ڕمـا و ژاندارکیش کەوت و بەدیل گیرا.

دواتر ژاندارک دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لەلایەن بورژونییەکانەوە فرۆشرا بە ئینگلیزییەکان. لە مەحکەمەیەکی دینیدا بە بەشداریی ئەسقەف، قـەشـە و کـاردینـاڵە فـرەنسـاییـیـەکـان حـوکـمـی سـووتـاندنی بە تـاوانی جادووگەری و لادان لە دین بەسـەردا سـەپا. حوکمی سووتاندنی ژاندارک لە شـاری ڕوێن[٣٨] جـێـبـەجـێ کـرا و سـووتوو خـۆڵەمـێـشـی لەشـی بەدەم ئاوی

34. Jeanne Saint-Pierre-le-Moûtier
35. Adlades
36. La-Charité-sur-Loire
37. La-Charité-sur-Loire
38. Rouen

چۆمەوە درا.

کارلی حەوتەم لە ساڵی ١٤٦٥ توانی حوکمی کلێسە لەسەر ژاندارک لەلایەن پاپ کالیکتووسی سێیەم[٣٩] هەڵبوەشێنێتەوە، ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن پاپ بێنێدیکتوسی پازدەم لە ساڵوەگەڕی سووتاندیدا، ژاندارک وەک پیرۆزەی کلێسە ڕاگەیاندرا. دواتر ژاندارک وەک فریشتەی پاراستنی سەربازەکان ناوبانگی لەنێو کاتۆلیکەکاندا دەرکرد.

بیرەوەریی ژاندارک هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٣٠ مایدا لەلایەن کلێسەی ڕۆمی- کاتۆلیکییەوە پیرۆز دەکرێ.

چیرۆکی مەحکەمەی ژاندارک دواتر لە شانۆنامەی بێرتۆلت برێختدا دەخوێننەوە.



مێژوونووسان لەسەر ئەوە شکڵ و شێوازی ژان چۆن بووە، شتێکی ئەوتۆ نازانن. ئەم پۆرترێتە تاقە وێنەیەکە کە لە سەردەمی ژاندارکدا کێشراوەتەوە.

39. Calixtus III

# برێخت هەروەک ژاندارک لە ڕۆژەڤدایە

لە سێبەری تەنگژەی ئابووریی ئەم ساڵانەی ئەوروپا جارێکی تر برێخت کەوتووەتە ڕۆژەڤ. لە سووژەی شانۆنامەکانی برێخت باشتر دەست ناکەوێ بۆ وێناکردنی هەلومەرجی ئێستا و تەنگژەیەک کە هەموو ڕۆئاوای داگرتووە. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆرجار شانۆنامەکانی برێخت لەسەر؛ خەبات لە دژی نایەکسانی و لە سیستەمێکدا کە دەوڵەمەندەکان بەنرخی هەژاری و بێکاری زیاتری خەڵکی تر ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن، جارێکی تر دەچنە سەر پەردەی شانۆکان. ساڵی ٢٠١١ لە سوێد شانۆی "یوهانای پیرۆزی قەسابخانە" کە لەسەر بنەمای ژیان و بەسەرهاتی ژاندارک داندراوە، جارێکی تر نیشان درا. لە شارێکی وەک یوتەبۆری سوێد بە شێوەیەک پێشوازیی گەرم لەو شانۆیە کرا کە لە سەردێری وتارێک لە بەشی کولتووری ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت[٤٠] نووسرابوو " بێرتۆڵت برێخت شاری یوتەبۆری داگیر کرد". برێخت ئێستا هەروەک ڕابردوو شانۆکانی زیندوون و ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ئێستا و ڕەنگە داهاتووش بن.

جێگەی سەرنجە شانۆنامەی"یوهانای پیرۆزی قەسابخانە" پێشتر و لە سەردەمی برێخت کەمتر سەرنجی درایە بەڵام ئێستا هەم لە ئەڵمان و وڵاتانی تری ئەوروپایی بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٨وە بەسەدان جار پێشکێش کراوە.

شانۆنامەی ژاندارک ڕاست ئەو شانۆیەیە کە دواتر برێخت شانۆی "یوهانای پیرۆزی قەسابخانە" لەسەر دارشتەوە. یوهانای پیرۆز لە

---

40. SVENSKA DAGBLADET

قـەسـابخـانەیەکدا کـار دەکـا و ڕۆژانە دەبینێ کـە چۆن لەلایەن خـاوەن کوشتارگاوە کرێکاران دەچەوسێندرێنەوە. ئیتر ڕۆژێک یوهانا دەگاتە سەر ئێسقانی و لە دژی نایەکسانی و چەوسانەوە و ئەو هزرەی کە بەپێی قسەی برێخت "هـەژار بە مرۆڤی خراپ دادەنێ" ڕادەپەڕێ. بە هـەمـان شـێـوە ٥٠٠ سـاڵ لەمـەوبەر ژاندارک لـە دژی داگیـرکاری ئینگلیـز لـە فرەنسـا رادەپەڕێ. سـووژە و ناوەڕۆکی شـانۆنامـەکـان هەر یەک شـتـە بەڵام بەدوو ئاراسـتـەی جیاوازدا یەک لە دژی داگیرکاری و بنپێکردنی مافی نەتەوەیی و یەکیش لە دژی نایەکسانی و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی.

**کورتەیەک لە ژیانی کورت و پڕ بەرهەمی برێخت:**

بێـــرتۆڵت بـرێـخت Bertolt Brecht، لـە ١٠ی شـــوبـاتـی ســـاڵی ١٨٩٨ لـە ئاوسبورگ[٤١] لە ئەڵمانیا لەدایک بوو و لە ڕۆژی ١٤ی ئابی ١٩٥٦ لە بەرلین لە تەمـەنی ٥٨ سـاڵیدا کـۆچی دوایی کـرد. برێخت نووسـەر، شـاعیـر و شانۆنامەنووسێکی گەورەی چەپ بوو کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەک یەکێک لە شوێنەوارە مۆدێرن و ڕچەشکێنەکانی ئەدەبیاتی جیهان دێتە ژماردن. هزر و نووسـینە سـەرەتاییـەکانی برێخت لە سـەردەمی گـەنجیدا چ وەک بەرهـەمی ئەدەبی و چ وەک ڕەخنەگـرێکی سـیـاسـی، لەژێر کـاریگەری و شـوێندانەری نووسـەری ناسـراو فـرانک وێدەکین[٤٢] بوو. "تـەپڵـەکـان لە شـەودا"[٤٣] یەکـەم شـانۆنامەی برێخت بوو کـە کـەوتە سـەر پەردەی شـانۆ. برێخت سـاڵی ١٩٢٤ باری کـردە بەرلین و لـەوێ بەرهـەمـە شـیـعـری و شانۆنامەکانی یەک بەدوای یەکدا بڵاو کرانەوە.

لە سـاڵی ١٩٢٠ بەدوا، برێخت زیاتر بۆ لای سـیـاسـەت کـێـشـرا و لە

41. Augsburg
42. Frank Wedekind
43. Trommeln in der Nacht

دەسپێکی ساڵەکانی ١٩٣٠دا ئیتر خۆی وەک کۆمۆنیستێک دەناساند و باوەڕی قووڵی بەگۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئەو دەمی ئەورووپادا هەبوو. کتێبی "چارەسەری"[٤٤] یەکێک لە بەرهەمە سیاسییەکانی ئەو لە ساڵی ١٩٣٠دا بوو.

هەر لە سۆنگەی بیروباوەڕە سیاسییەکانییەوە بوو کە برێخت لە ساڵی ١٩٢٦ بەدواوە کاری لەسەر پێشوەچوونی تیۆری "شانۆی حەماسی" کرد. بەرهەمە شانۆییەکانی برێخت لەبەر ئەوە ڕەنگێکی تەواو سیاسییان هەبوو کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشوەچوونی ئەم شانۆیە دانا کە کاری لەسەر "مەودای کاریگەری"[٤٥] دەکرد. هەر بەهۆی تێکۆشانە سیاسییەکانییەوە بەهاتنە سەرکاری دەسەڵاتی نازی برێخت ناچار بوو لە ساڵی ١٩٣٣ ئەڵمانیا بەجێ بێڵێ. بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمە چاپکراوەکانی وەک "تەقەلا"[٤٦]، "تەقوا"[٤٧] و "گۆرانی"[٤٨] بەهۆی نازییەکانەوە کۆ کرانەوە و لە شەقامەکاندا ئاگریان تێ بەردران. برێخت لەپێشدا چووە نەمسا و سویسرا و دواتر دانیمارک و لەوێ ٥ ساڵان گیرسایەوە. لە دانیمارک تێکستی گۆرانیی بەنێوبانگی "بەرەی یەککرتووی شەڕ"[٤٩]ی نووسی و هانس ئەیسلێر[٥٠] ئاهەنگی بۆ دانا. ١٩٣٩ برێخت دەچێتە سوێد لەوێوە بەرەو فینلاند دەڕوا و ئاخرەکەی ساڵی ١٩٤١ سەر لە کالیفۆرنیای ئەمەریکا دەردێنێ. ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن کۆمیتەی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکایی لەسەر گۆیا تێکۆشانی دژە ئەمەریکایی و پێوەندی لەگەڵ

44. Die Manahme

٤٥. ئەم چەمکە لە زمانی ئەڵمانیدا پێی دەگوترێ: Verfremdungseffekte

46. Versuche

47. Hauspostille

48. Songs

49. Einheitsfrontlied

50. Hanns Eisler

کۆمۆنیزم و سۆڤیەت لێپرسینەوە لە برێخت دەکرێ. لە ماوەی ژیان لە تاراوگەدا برێخت یەکجار پڕ بەرهەم بوو و بەرهەمەکانی وەک "دایکە کوراژ و منداڵەکەی"[٥١] ساڵی ١٩٣٩ "مرۆڤە باشەکەی سێزوان"[٥٢] ساڵی ١٩٤٠ و "بازنەکریتی قەوقاز"[٥٣] ساڵی ١٩٤٥ لە تاراوگە و دوورەوڵات نووسی.

برێخت دوای ئەوە لە ئەمەریکا لێپرسینەوە و سووکایەتیی پێ کرا گەڕایەوە ئەورووپا لەسپێشدا لە زوریخی سویسرا نیشتەجێ بوو و دواتر لە ساڵی ١٩٤٩دا گەڕایەوە بەرلینی ڕۆژهەڵات. لە بەرلین گرووپی شانۆییی بەرلینی دامەزراند و هەتا مردنی لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ ئەو گرووپەدا کاری کرد.

برێخت لەگەڵ ئەوەی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەژیا بەڵام هاووڵاتیی ئەوێ نەبوو. ساڵی ١٩٥٠ شەش ساڵ بەر لە مردنی هاووڵاتییەتی نەمسای پێ درا لەگەڵ ئەوەی نە خەڵکی ئەوێ بوو و نە لەوێش ژیابوو.

---

51. Mutter Courage und ihre Kinder
52. Der gute Mensch von Sezuan
53. Der kaukasische Kreidekreis

بێرتۆڵت برێخت

# مەحکەمەی ژاندارک لە ڕوان

وەرگیراو لە شانۆنامەی ئانا سگرێز

چەند تێبینی و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

بەسەرهاتی تەواوی ئەم مەحکەمەیە بە زمانی لاتین ڕاگیراوە. دەسنووسەکانی، بەڵگەکانی پێوەندیدار بە مەحکەمەی ژاندارک کە بۆ کوشۆن ئەسقەفی مەڵبەندی بۆڤە لە فەرەنسا ئامادە کرابوو، ئیمڕۆ لە کتێبخانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پاریسدا پارێزراوە.

شانۆنامە ڕادیۆییەکەی ئەم چیرۆکە بە کەڵکوەرگرتن لەو بەڵگانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا و هەروەها شایەتدان و زانیاریی کەسانی جێی متمانە سەردەمی خۆی نووسراوە. بێرتۆڵت برێخت بۆ ڕێکوپێککردنی ئەم شانۆنامەیە کە دواتر لەلایەن "گرووپی شانۆیی بەرلین" پێشکێش کرا، کەڵکی وەرگرتووە.

بێرتۆڵت برێخت، هێندێک ئاڵوگۆڕی لە شانۆنامە ڕادیۆییەکەدا ئەنجام داوە، هەروەها هێندێک بەشی تازەشی لێ زیاد کردووە. ئاڵوگۆڕ و لێ زیادکردنەکان بەکورتی ئەمانەن:

پەردەی یەکەم، هی برێختە و لە شانۆنامە ڕادیۆییەکدا نییە.

پەردەی دووەم، زیاتر لە نیوەی وتووێژەکانی ئەم پەردەیە هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە.

پەردەی سێیەم، بەشی هەرە زۆری ئەم پەردەیە هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە. بەهۆی برێختەوە هێندێک ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە و هەروەها هێندێک شتیشی لێ زیاد کراوە.

پەردەی چوارەم، بەشی ناوەڕاستی پەردەکە و قسەوباسەکانی "کاترین لاروشێل" هی برێختە.

پەردەی پێنجەم، برێخت ئاڵوگۆڕی زۆری لەم پەردەیەدا کردووە.

پەردەی شەشەم، نێزیک بەتەواوی ئەم پەردەیە هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە.

پەردەی حەوتەم، هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە بەڵام برێخت هێندێک شوێنی جێگۆڕکێ پێ کردووە.

پەردەی هەشتەم، هی برێختە.

پەردەی نۆیەم، لەم پەردەیەدا برێخت ئاڵوگۆڕی زۆری کردووە.

پەردەی دەیەم، هی برێختە.

پەردەی یازدەم، هی برێختە.

پەردەی دوازدەم، بێجگە لە دوو ڕستە نەبێ کە هی برێختە هەموو پەردەکە هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە.

پەردەی سێزدەم، هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە بەڵام برێخت هێندێک ئاڵوگۆڕی تێدا کردووە.

پەردەی چواردەم، زۆربەی هەرە زۆری ئەم پەردەیە هی شانۆنامە ڕادیۆییەکەیە.

پەردەی پازدەم، برێخت هێندێک ئاڵوگۆڕ و لێ زیادکردنی لەم پەردەیەدا ئەنجام داوە.

پەردەی شازدەم، هی برێختە.

بەشداران

- ژاندارک
- پییەر کوشۆن، ئەسقەفی مەڵبەندی "بۆڤە"
- ژان پۆپێر
- ژان دوشاتیۆن (شاتیۆن)
- نیکولا میدی
- ژان دستیوە
- ژان ماسیۆ
- سکرتێر
- چەند ژنە قەشەیەک
- چاودێری ئینگلیزی و ئەفسەرەکەی ژان گرێن
- گوندییەک، ژنەکەی، کوڕەکەی و ژنخوشکەکەی
- منداڵێک
- دوکتۆر دوفور هاوڕێ لەگەڵ دوو برازاکانی
- ژنێکی لەشفرۆش
- خاوەن مەیخانە
- کەمئەندامێکی شەڕ
- منداڵەکان
- ژان دولافونتێن
- گیوم ئیرارد

– گیوم مانشێن
– ژان لۆفەڤێر
– ژنێکی ماسیفرۆش
– پیاوێکی خۆشپۆش
– بازرگانێکی شەرابفرۆش
– قەشەیەکی گەنج
– باپیرە بروئێل و نەوەکەی
– خەڵک

ناوەکان بە لاتینی:

Pierre Cauchon
Jean Beaupere
Jean De La Fontaine
Jean De Chation
Guillaume Erard
Nicolas Midi
Guillaume Manchon
Jean Destivet
Jean Lefevre
Jean Massieu
Raoul De Rinel
Jacques Legrain
Dr. Dufour

## پەردەی یەکەم

پایزی ساڵی ١٤٣٠. هەشت ساڵە شەڕی نێوان فرەنسا و ئینگلیز بەردەوامە. ماوەیەکە فرەنساییەکان لەژێر ئاڵای کچێکی تەمەن حەڤدە ساڵاندا بە ناوی ژاندارک لە هەوڵێکی نوێ و هیوابەخشانەدا، لە دوو لاوە، شەڕێکی خوێناوییان بۆ پاشەکشەپێکردن بە ئینگلیزییە سەرکەوتووەکان کە هێشتا زیاتر لە دوو لە سێی خاکی فرەنسایان لەژێر ڕکێفدایە، دەست پێ کردووە.

لە گوندێکی سەر بەهەرێمی "توور"٥٤ لە یەکێک لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی فرەنسادا هەواڵێکی دڵتەزێن بڵاو دەبێتەوە.

لە بەردەم ماڵە گوندییەک دوو کچی گەنج ترێ هەڵدەشێلن، چەند منداڵێکیشیان بە دەورەوەیە و یارمەتییان دەدەن.

**کچە گەنجەکان گۆرانی دەچڕن:**

*ئاخ کەنیشکە تاقانەکەی "لۆرەن"*

*تازە تەمەنت ١٦ ساڵانە*

*کچێکی لە بنەماڵەیەکی گوندی*

*دوژمن لەخۆڕایی تیرت پێوە دەنێ*

*شەڕ هێزی لە تۆدایە و*

*عەرزی ڕووتیش باوەشی بۆ تۆ ئاواڵە کردووە*

*هەروەک چەندە جوانی، ئەوەندەش ئازای*

*دوژمنەکانت لە ترسان بە پەلە لە پاشەکشەدان*

*کەسیان توانای بەرگریی نەماوە*

*ئەوان هەڵدێن*

*فەرسەق فەرسەق*

*چاوانی بێ ئەژماریش*

*لە دوور و نزیکەوە*

*پەرۆشی تۆن*

**کچی دووەم ڕوو لە منداڵەکان:**

– هەموو ترێکەتان خوارد، خۆ لە دارکونکەرە خراپترن

**کوڕێک:**

– خۆ ئێوە هێشتا هومەیەکتان پڕ نەکردووە!

**کچەکان جارێکی تر تێ دەچریکێننەوە:**

*بەڵێ ڕاستن ئەوانەی*

*وا لە ترسان ئازایەتییان لە دەست داوە و*

*لەبەر ترسنۆکی ئەو کەنیشکە ناناسن*

*بۆچی نا! ئەوانەی دەگرین، کوێرن و چاوەکانیان*

*تەنانەت لە پرشنگدارترین ڕووناکاییدا*

*توانای بینینیان نییە.*

*بەڵام ئێستا زۆر کەسان،*

*خۆیان گەیاندووەتە لەشکری کەنیشکەکە*

*ئەوانە کاتێک بەرەو شەڕ دەڕۆن*

*هەر دەڵێی دەچنە هەڵپەڕکێ*

*"لۆئار" دوژمنەکانی تاراندووە،*

*ئێستا خۆری فەرەنسا ڕووناکتر دەدرەوشێتەوە*

**کچی یەکەم:**

– ژاک لە کوێیە؟

**کچی دووەم:**

– دیسان چووەتە شار

**کچی یەکەم:**

– ئەو دەبێ زۆر ئاگای لە قاچەکانی بێت.

**کچی دووەم:**

– من کە ناتوانم پێشی پێ بگرم. ئەرێ لە ڕەزی سەرەوە دەبێ چەندە ترێ وەچنین؟

**کچی یەکەم:**

– دوو سەبەتە

**کچەکان دیسان تێ دەچریکێننەوە:**

*ئاخ لە دەستی ئێوە خائینە خۆفرۆشەکان*

*زۆر لەمێژە ئەم خەڵکە بەدەستانەوە*

*وەزاڵە هاتوون و*

*تاڵاوتان لە دەست دەچێژن*

*ئێوەن هۆی شادیی ئینگلیز و لەنێوچوونی فەرەنسا*

*ئێوەن هۆی شەرم، هەژاری و دیلی فەرەنساییەکان*

*ئێوە لە پێناو ئامانجێکی چەپەڵدا شەڕ دەکەن*

*بەڵام زۆرتان بە بەرەوە نەماوە*

*دەبێ هەر ڕێگەکەتان بگۆڕن.*

*ئەگەر هاتوو هەروا لەسەر پشتگریی دوژمن سوور بن*

*ئەوە بزانن کۆتاییيەکی تاڵ و ڕۆژێکی ڕەش چاوەڕێتان دەکا .*

**لەم کاتەدا ژاک لگرێن دەگاتە جێ:**

– لە دەوروبەری "کومپەین" بەدیل گیراوە، لە قەفەزیان خستووە و ئەوە خەریکن دەیبەنە "ڕوان"

**کچی یەکەم:**

– نا!

**لگرێن:**

– کۆڵەپشتەکەم بۆ ئامادە بکە.

**کچی دووەم:**

– بۆ کوێ؟

**لگرێن:**

– بۆ "ڕوان" هێندێک ماسی دەکڕم.

## پەردەی دووەم

٢١ی شوباتی ساڵی ١٤٣١. شاری ڕوان لەژێر دەستی داگیرکەرە ئینگلیزییەکاندایە. خەڵک لە بازاڕی شاردا کەنیشکی خەباتگێڕ دەبینن کە پیاوماقووڵە ئینگلیزییەکان و قەشە فرەنساییەکان بەرەو لای دیوانی مەحکەمەی دەبەن.

**بازاڕێک لە ڕوان:**

لەنێو حەشیمەتەکەدا بنەماڵەیەکی گوندی (باوک، دایک، ژنخوشک، کوڕ و منداڵێکی بچکۆلە)، ژنێکی ماسیفرۆش، لگرێن بەکۆڵەپشتەکەیەوە، پیاوێکی پۆشتە، بازرگانێکی شەرابفرۆش، ژنێکی لەشفرۆش، دوکتۆرێک، جەلاد بەجلوبەرگی تایبەتی جەلادییەوە و دوو سەربازی ئینگلیزی دەبیندرێن. دەنگی ناقوس و زرمەی تەپڵەکان دەبیسترێن.

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەوە "دوک بەردفوردە"

**ژنە ماسیفرۆش:**

– سەیری ئەسپە سپییە قەڵەوەکەی بکەن، هەر لە خۆی دەچێ.

**ژنە جووتیار:**

– ئەرێ کوڕی چەتوون! لێت ڕوونە لەم ڕێگەیەوە دێ؟

**کوڕ:**

– یان ئەوەتانێ لەمێژە تێپەڕ بۆڤە.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– بە پەرۆش مەبە خاتوون. حەتمەن هەر لەم ڕێگەیەوە دێت.

**ژنە جووتیار:**

– "ئۆژن"! خواردنەکەت لەگەڵ خۆ هێناوە؟

**منداڵ:**

– ئەرێ ئەو کەسەی سەرتاپا ئاوریشمی پۆشیوە، کێیە؟

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەسقەفی "بۆڤە"، کوشۆنە.

**دوکتور دوفور:**

– سەیرە ئەسقەفێکی فرەنسایی لە پشتەسەر دوکێکی ئینگلیزییەوە بڕوا، هەر نازانم چۆنە کە کابرای ئینگلیزی پەتکێکیشی لە مل نەکردووە.

**ژنە لەشفرۆش** (لەبەر خۆیەوە):

– دەڵێن کوشۆن ئەسقەفی "بۆڤە" ئێستا ئیتر لەبەر ئەو پێنج هەزار لیرەیەی دەیدەنێ، بەتەواوەتی خۆی فرۆشتووە و بۆڤەتە ئینگلیزی.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ئەمە ئیتر بۆ گاڵتەکردن نابێ.

**ژنە لەشفرۆش:**

– دەڵێن ژان دەنگی غەیبی گوێ لێ دەبێ و لە غەیبەوە ڕاز و نیازی لەگەڵ دەکرێ و نهێنیی بۆ ئاشکرا دەکرێ، نازانم ئەمە ڕاستە یان نا؟

**ژنە جووتیار:**

– گوێت لێیە؟ دەڵێن لە غەیبەوە قسەی لەگەڵ دەکرێ.

**جووتیار:**

– وس بە!

**بازرگانی شەرابفرۆش:**

– دوکتۆرەکان ڕاستی و دروستی ئەمەمان بۆ دەردەخەن.

**پیاوی پۆشتە:**

– نوێنەری پاپ

(ژنە جووتیار خاچێک لە خۆی دەدا)

**ژنە لەشفرۆش:**

– سەیری کڵاوەکەی بکەن.

(هەموو وێکڕا پێ دەکەنن، ژنە جووتیاریش هەروا)

**ژنخوشک:**

– خراپ دێتە ڕێی کەنیشکەکە، وادیارە کەس ئینگلیزییەکانی خۆش ناوێت.

**پیاوی پۆشتە:**

– من ئەگەر لە جێگەی تۆ بام ئەم قسەیەم بەدەنگێکی بەرز ئەویش لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا نەدەکرد.

**جووتیار:**

– ئەو هەروایە، چی هاتە سەر زمانی نایگێڕێتەوە.

**ژنە لەشفرۆش:**

– کچە هەتیو! وادیارە لێرە کەسێک نییە تۆی خۆش بوێت.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– لێ گەڕێ، ئەوانە فرەنسایان بەلاوە گرینگ نییە.

**بازرگانی شەرابفرۆش:**

– ڕەنگە وا باشتر بێت. چونکە فرەنسا هەمیشە هەر مایەی

دەردەسەری بۆڤە.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ئینگلیزییەکان ڕایان سپاردووی، وانییە؟

**دوکتۆر دوفور:**

– چاکت پێ گوت.

(ژنە لەشفرۆش پێ دەکەنێ)

**پیاوی پۆشتە:**

– ببوورە!

**ژنە جووتیار** (ڕوو لە منداڵەکەی):

– ژاکلین چ ڕۆژێکی پشووی خۆشە ئیمڕۆ، وانییە؟

**بازرگانی شەرابفرۆش:**

– چوار ساڵ لەمەوبەر لە "بۆڤە"، بەهاری ساڵی بیست و حەوت.

**جەلاد:**

– بەڵێ، وایە.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ئەمە "دژواردێن"ی جەلادە.

**ژنە جووتیار:**

– کوانێ، لە کوێیە؟

(هەموو وێکڕا ئاوڕ دەدەنەوە، جەلاد دەبینن)

**ژنە لەشفرۆش:**

– هاوارە خوایە!

**پیاوی پۆشتە:**

- وا وێ دەچێ کەنیشکەکەی بەتەواوەتی خستبێتە ژێر چاودێرییەوە.

**دوکتۆر دوفور:**

- سەیری دوکتۆرەکانی پاریس بکەن.

**کوڕ:**

- مەگەر ئینگلیزییەکان بۆ خۆیان دوکتۆریان نییە، بۆ خۆیان ناتوانن پشکنینی لەسەر بکەن؟

**دوکتور دوفور:**

- وایان بەباشتر زانیوە کە دوکتۆرە فرەنساییەکان ئەم کارەیان بۆ ئەنجام بدەن.

**کوڕ:**

- بەڵام فرەنساییەکانیش ناتوانن هیچ شتێکی لەسەر بسەلمێنن.

**دوکتۆر دوفور:**

- ئەم هەموو دوکتۆرە هەر دەبێ وەک بەڵگە بتوانن شتێک بسەلمێنن.

**لگرێن:**

- گرینگ ئەوەیە ئەو بتوانێ ئازایانە وەڵام بداتەوە.

**ژنخوشک:**

- ئازایانە! کچێک کوا توانای بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەو هەموو کەسە هەیە.

**ژنە لەشفرۆش:**

- نازانم لەبەرچی دەیەوێ سەری خۆی بەبڕین بدا، بۆ لە ماڵە خۆی ڕاحەت و سەحەت دانەدەنیشت.

(پیاوی پۆشتە قسەکەی بۆ دەسەلمێنێ)

**لگرێن:**

– لەبەر ئەوە ئینگلیزییەکان هێرشیان کردە سەر فرەنسا، لەبەر ئەوە ئینگلیزییەکان هەموو خاکی فرەنسایان هەتا "لوار" داگیر کرد. چونکە دەیانەوێ وڵاتەکەمان چەپاو بکەن و هەڵیلووشن. لەبەرئەوەی پادشای فرەنسایان لەسەر تەختی شایەتی هێنایە خوارێ. چونکە هەتا ئەو دەمە ئەو ڕانەپەڕی، پادشای فرەنسا بێ ورەتر لەوە بوو کە بەرگری لە خۆی بکا.

**ژنە جووتیار:**

– لەبەر ئەوە، لەبەر ئەوەو لەبەر ئەوە... ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوە کە بیرێکی وا شێتانە لە کەللەی بدا، جلی پیاوان لەبەر بکا و ئەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر پێشەنگایەتیی سەربازەکان بکا.

**جووتیار:**

– وس بە!

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەو دەڵێ ئەو ئەمەی بۆیە کردووە کە خۆی بە قەرزداری وڵاتەکەی دەزانێ، خاتوون!

**دوکتۆر دوفور:**

– وڵات، مەبەستت لە وڵات چییە؟

**ژنە ماسیفرۆش:**

– دوکتۆر دوفور! دەنگە غەیبییەکان پێیان گوتووە کە ئینگلیزییەکان لە وڵاتەکەی وەدەردەنێ.

**دوکتۆر دوفور:**

– وڵات! بۆ وڵات چ جیاوازییەکی هەیە کە کێ سواری ئەسپەکەی بۆڤە و خۆڵی بەخواردن دەدا، دوکی "بەدفورد" یان دوکی "ئورلێئان"؟ بۆ

ولات چ فەرقێک دەکا چ کەسێک گەنم و شەرابی لێ هەڵدەلووشێ. چ کەسێک بەرخەکان، مێوەکان، داهات و نەتەوە و ڕەگەزی لێ نۆشی گیان دەکا، لۆردی "بۆڤە" یان دووکی "گلاستێر"؟

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاغا فرەنسایییەکان ئاسانترە. خۆ ئەم ئینگلیزییانە تەنانەت لە جنێو و لەعنەتەکانیشمان تێ ناگەن.

**منداڵ:**

– هۆو کابرایە، پادشایە؟

**ژنخوشک:**

– نا، ئەوە زوڕناژەنی ئینگلیزییەکانە.

(زرمەی تەپڵەکان دەبیسترێ)

**ژنە لەشفرۆش:**

– هۆوەتانێ!

**سەربازی ئینگلیزی:**

– بۆ پاشەوە هەروەک گوتم دەی بۆ پاشەوە!

**ژنە جووتیار:**

– "ئوژن" ئاگات لە هێلکەکان بێت.

**ژنە لەشفرۆش:**

– وای خوایە، خۆ زۆر بچکۆڵەیە.

**ژنخوشک:**

– ئەو کۆت و زنجیرانەی پێی، دەبێ زۆر قورس بن، بەستەزمان خۆ هەر بستێک دەبێ.

(بازرگانی شەرابفرۆش پێ دەکەنێ)

**لگرێن:**

– هەر ئەم کچە بستە باڵایەیە کە ئەو هەموو بەڵایەی بەسەر ئینگلیزییەکان هێناوە!

**دوکتۆر دوفور:**

– دوکی بەدفورد هەر لەبەر ئەم کچە بستە باڵایەیە کە دوازدە هەزار پۆندی بە دوو کەس لە دوکەکانی لوکزامبورگ داوە.

**جووتیار:**

– لەبەر چی؟

**ژنە ماسیفرۆش:**

– بۆ ئەوە ئینگلیزییەکان کە لە پەلەقاژە کەوتبوون، ڕزگار بکا.

## پەردەی سێیەم

لە یەکەم دانیشتنی مەحکەمەی دینی لە نوێژخانەی قەڵای پاشایەتیدا، ژاندارک ئازایانە لە وەڵامی پرسیارە پڕ لە فێڵ و تەڵەکەکانی قەشەکاندا کە دەیانەوێ بەرەو خۆبەدەستەوەدانی بەرن، بەربەرەکانی دەکا و چارەڕەشی و برینەکانی فرەنسایان وەبیر دێنێتەوە.

نوێژخانەی قەڵای پاشایەتی: پۆپێر، شاتیۆن، لافونتێن، دستیوە، مانشێن، میدی، لۆفەڤێر، برا "ڕائول" و سکرتێر.

(چاودێری ئینگلیزی و ئەفسەرەکەی لەگەڵ ئەسقەفی "بۆڤە" وەژوور دەکەون، قەشەکان کڕنۆش دەبەن)

**ئەسقەف:**

– سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت.

**هەموو وێکڕا:**

– هەتاهەتایە، ئامین!

**چاودێری ئینگلیزی:**

– هەژماری دوکتۆرەکان جێگەی ڕەزامەندییە.

**ئەسقەف:**

– سوپاست دەکەم.

**چاودێری ئینگلیزی:**

– نوێژخانەیەکی جوانە، دیارە ئەگەرچی زۆر کۆنیش نییە.

**ئەسقەف:**

– بەو شێوەیەش نوێ نییە. بەهۆی شارل (هەر پێنج قامکەکانی ڕاست دەکاتەوە) چێ کراوە.

**چاودێری ئینگلیزی:**

– ئاوها، شارلی پێنجەم، ڕاستە. باشە دەستوبردی لێ بکەن و کارێک نەکەن کە زۆرتان ڕابگرم.

(هەموو لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن)

**ئەسقەف:**

– من بەناوی ئەسقەفی "بۆڤە"، قازییە ناودارەکان و تەواوی ئەم پیاوماقووڵ و دوکتۆرانەی کە ئێستا لێرە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەحکەمەیە کۆ بوونەتەوە، دەسپێکی فەرمیی مەحکەمەکە ڕادەگەیەنم.

"ملیورد"! ئاخۆ بانگهێشتنی مەحکەمە بە ئاگەداری تاوانبار گەیشتووە؟ هەتاکو لە بەرانبەرماندا حازر بێت و بەپێی یاسا وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە؟

**ئەفسەر:**

– ناوبراو ئاگەدار کراوە، بانگهێشتنەکەی وەرگرتووە و لە دەرەوەی مەحکەمە چاوەڕوانە. بەڵام داوا دەکا کە پێش لە دەستپێکردنی مەحکەمە پێ لە تاوانەکانی بنێ.

(ئەسقەف لەگەڵ قازییەکان ڕاگۆڕینەوە دەکا، داخوازییەکە ڕەد دەکرێتەوە)

**ئەسقەف:**

– بەهۆی قورسبوونی تاوانەکانی و بەتایبەتی ئەوە حازر نەبووەوە جلی پیاوان لەبەر دەبێنێ، داخوازەکەی ڕەد دەکرێتەوە، ئاغەی "ماسیۆ" تاوانبار بێنە ژوورێ!

**ماسیۆ:**

– تاوانبار بێننە ژووریّ!

(ژان بەهۆی دوو سەربازی ئینگلیزییەوە دەهێندرێتە ژووری مەحکەمە)

**ئەسقەف:**

– ئەم ژنەی ئێستا لە بەرانبەر مەحکەمەدا ڕاوەستاوە، ژانە کە لەنێو خەڵکدا بە کەنیشکەکە ناسراوە. لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی دینیماندا گیراوە. بەناوی تاوانبارێک بەبڵاوکردنەوەی شتی نوێ بەپێچەوانەی دین و هەروەها لادان لە دین بەپێی فەرمانی سەروەری خاچپەرەستان واتە پادشای ئینگلیز و فەرەنسا بەم مەحکەمەیە سپێردراوە. لەبەرئەوەی دەنگۆی هێرشەکانی ئەو بۆ سەر دین دوورتر لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کلێسەی ئێمە ڕۆیشتووە و لە ڕاستیدا بەهەموو خاکی فەرەنسا و هەرێمەکانی تری ژێر دەسەڵاتداریەتی خاچپەرەستی بڵاو بووەتەوە، مەحکەمە دەکریّ. هیوادارم بتوانیّ بەرگری لە خۆی بکا و تاوانەکانی نەسەلمێندریّ. ژان! داوات لیّ دەکەین کە دەست لەسەر کتێبی پیرۆز دابنیّ و سوێند بخۆ کە ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەیەوە. ئاغەی مسیۆ!

(بە ئاماژەدانی ماسیۆ، برا رائول کتێبی پیرۆز لە بەردەم ژان دادەنیّ)

**ئەسقەف:**

– ئێستا بەم ئینجیلە سوێند بخۆ، دەستەکانتی لەسەر دابنیّ.

**ژان:**

– بەڵام من نازانم ئێوە دەتانەویّ چ جۆرە پرسیارێکم لیّ دەکەن، ڕەنگە بتانەویّ شتی وا پرسیار بکەن کە منیش نەتوانم وەڵامتان بدەمەوە.

**ئەسقەف:**

– زووبە، زووبە، تەنیا سوێند بخۆ کە سەبارەت بەپرسیارەکانی پێوەندیدار بە دینەوە ڕاست وەڵام بدەیتەوە.

**ژان:**

– من بەوپەڕی سەربەستییەوە سوێند دەخۆم کە سەبارەت بە ماڵ و بنەماڵە و ئەوەی بەر لە هاتنم بۆ "شینۆن" ڕووی داوە، ڕاستییەکانتان پێ بڵێم. بەڵام تاقە وشەیەکیش چییە لەبارەی دەنگە غەیبییەکان و نهێنییەکانی ترەوە نەدرکێنم، تەنانەت ئەگەر سەریشم لە لەش جوێ بکەنەوە.

**ئەسقەف:**

– زۆر باشە ژان، تەنیا لە تۆمان دەوێ بەهەمان شێوە کە یاسا لە مەحکەمەیەکی ئاوادا حوکم دەکا، سەبارەت بەو پرسیارانەی لەبارەی دینەوە لێت دەکەین، وەڵامی ڕاست بدەیتەوە. درێژە بە قسەکانت بدە.

**ژان** (لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ):

– سوێند دەخۆم سەبارەت بەو پرسیارانەی لەبارەی دینەوە لێم دەکرێ، ئەوەی ڕاست بێ، بیڵێم.

(تەواو دادەنیشێ)

**ئەسقەف:**

– ناو و پاشناوی تەواوت؟

**ژان:**

– لە ماڵەوە بە ژانێت بانگم دەکەن، لە فەرەنساش بە ژان، ئاگام لە ناوی تر نییە.

**ئەسقەف:**

– له کوێ لەدایک بووی؟

**ژان:**

– گوندی "دومرەمی" له ناوچەی "موێس"

**ئەسقەف:**

– ناوی دایک و باوکت؟

**ژان:**

– "ژاکدارک" و "ئیزابێل"

**ئەسقەف:**

– تەمەنت چەندە؟

**ژان:**

– وابزانم نزیک به نۆزده ساڵ.

**ئەسقەف:**

– لەلای کێ باوەڕت بەدین هێناوە؟

**ژان:**

– دایکم هەموو شتێکی پێ گوتم: نوێژ، سرووودی سڵاو له مریەم و بنەماکانی دین.

**ئەسقەف:**

– ئا نوێژێک بخوێنە!

**ژان:**

– هەتا دانپێدانانەکەم لێ وەرنەگرن، نوێژ ناخوێنم.

**ئەسقەف:**

– له جلی پیاواندا، زووکه نوێژەکەت بخوێنە!

**ژان:**

– هەتا گوێ لە دانپێدانانەکەم وەرنەگرن، نوێژ ناخوێنم.

**ئەسقەف:**

– ژان! ئێمەی باوکانی ڕۆحانی و ئەسقەفەکانت بەهیچ کلۆجێک ڕێگە نادەین لە بەندیخانەدا ڕابکەی. ئەگەر بە گوێشمان نەکەی و هەوڵێکی ئەوتۆ بدەی، ئەوە وەک نیشانەی پێڕەوی نەکردن لە کلێسە بۆت حیساب دەکرێ و بەو جۆرە زەربەیەکی قورس لە دین دەدەی.

**ژان:**

– من ناتوانم ئەم فەرمانە پەسند بکەم. ئەگەر هاتوو هەڵاتیشم ئەوە کەس ناتوانێ بە پەیمانشکێن تاوانبارم بکا. چونکە من لەو بارەوە هیچ بەڵێن و پەیمانێکم بە کەس نەداوە. بێجگە لەوەش من بۆ خۆم ڕەخنەم لە ئێوە هەیە، بۆ بەم شێوازە منتان کۆت و زنجیر کردووە؟

**ئەسقەف:**

– تۆ زۆرجار هەوڵی ڕاکردنت لە زیندان داوە، ئەمانەمان بۆ قایمکاری کردووە.

**ژان:**

– ئاساییە کە منیش هەروەک هەموو دیلێکی تر هەوڵی هەڵاتن بدەم. هەر ئێستاش ئەگەر بۆم بکرێ ئەوە هەڵدێم.

**ئەسقەف:**

– ئاخۆ دەنگە غەیبییەکان ئەم ئیزنەیان پێ داوی کە هەر کات بۆت گونجا ڕابکەی؟

**ژان:**

– ئەم داخوازەم زۆرجار لێ کردوون، بەڵام قەت وەڵامم

وەرنەگرتووەتەوە.

**ئەسقەف:**

– ڕاستە

**ژان:**

– بەڵام دەڵێن "خـوا دۆست و یارمـەتیـدەری کەسـانێکە کە خـۆیان بۆ خۆیان یارمەتیی خۆیان دەدەن."

**ئەسقەف** (ڕوو لە چاودێری ئینگلیزی دەکا):

– بە ئیزنی تۆ گەورەم

(ئەو جار ڕوو لە پاسەوانەکان دەکا):

– تۆ "جـانگرەی"، ئەتۆش "ویلیـام تاڵبـووت" زۆر بەجـیـدی پێـتـان ڕادەسپێرم کە زۆر بە وشیارییەوە پارێزگاریی لێ بکەن و نابێ ڕێگە بە کەسیش بدەن قسەی لەگەڵ بکا.

**پاسەوانەکان:**

– بەڵێ ڕێزداری گەورە

**ئەسقەف:**

– بەڕێز "ژان پۆپێر" مـامـۆسـتـای ئیلاهـیات "خـواناسی" لە زانکۆی پاریس! جەنابیشت دەتوانی پرسیار لە تاوانبار بکەی.

**پۆپێر** (دوای کڕنۆشبردن بۆ چاودێری ئینگلیزی):

– ژان! پێش هـەمـوو شـتـێک داوات لێ دەکـەم بەڕاسـتی و دروسـتی وەڵامی پرسیـارەکانم بدەیەوە. ئاخۆ تۆ هیچ جۆرە لێزانی و هونەرێک دەزانی؟

**ژان:**

– چنین و دروومان.

**پۆپێر:**

– له ماڵه خۆتان چ جۆره كارێكت دەكرد؟

**ژان:**

– كاری نێو ماڵم دەكرد. بۆ ئەوە ئینگلیزییەكان نەتوانن گا و گوێلكەكانمان بدزن، له بردنیان و لەوەڕاندنیان له شوێنی جێگەی متمانه یارمەتیی دایک و باوكم دەدا.

**میدی:**

– بەڕێز پۆپێر داوای لێبووردن دەكەم قسەكانت دەبڕم. ئاخۆ خەڵكی "دومرەمی" به گەورەی خاچپەرستیمان، پاشای ئینگلیز و فرەنسا وەفادارن یان لەو كابرایەی كه تۆ به پادشای فرەنسای دەزانی پشتگری دەكەن؟

**ژان:**

– من له تەواوی "دومرەمی" تەنیا یەک كەس دەناسم كه پشتگری له ئینگلیزییەكان دەكا، ئەویش ئەگەر خوا بیەوێ پێم خۆشه سەری بەبڕینچووی ببینم.

(قازییەكان وەجووڵه كەوتن و مقۆمقۆ و غەڵبەغەڵب كەوتە نێوانیان)

**پۆپێر:**

– بۆ یەكەم جار ئەوەی كه تۆ بەناوی دەنگی غەیبی ناوی لێ دەبەی، كەی وەبەرگوێت كەوت؟

**ژان:**

– كه سێزده ساڵان بووم لەلایەن خواوه دەنگێكی غەیبیم بۆ هات. ئەمه یەكەم جار بوو، دیاره زۆر ترسام. دەنگه غەیبییەكه له دوانیوەڕۆیەكی هاویندا لەنێو باغچەكەی خۆماندا گوێبیستی بووم.

دەنگە غـەیبـییـەکـە لە چاڵێکی پشت سـەرمـەوە لەلای کلێسـەکـەی گوندەکەمانەوە هات. هاوکات لەگەڵ دەنگە غەیبییەکە تیشکێکی توند و تیژڕەویش لە چاوانی دام.

**پۆپێر:**

– ئەگەر تیشکەکە لەپشت سەرتەوە هات چۆن لە چاوانی دای؟

**ژان:**

– کاتێک بۆ جاری سێیەم دەنگە غەیبییەکەم گوێ لێ بوو، ئەو دەم باوەڕم کرد کە ئەوە فریشتەکانن قسەم لەگەڵ دەکەن.

**پۆپێر:**

– دەنگەکە چی پێ گوتی؟

**ژان:**

– هەر ئەو دەنگە غەیبییەیە کە هەمیشـە منی پاراستووە. پێی گوتم چاکە بکەم و لە حەفتەدا دوو یان سێ جار بچمە کلێسە. دەست لە هەموو هەرمانێک هەڵبگرم و بچمە لای پادشا. هەروەها پێی گوتم کە من دەتوانم گەمارۆی سەر "ئورلێئان" تێک بشکێنم.

**پۆپێر:**

– وەڵامی تۆ چ بوو؟

**ژان:**

– گوتم من کچێکم، هەتا ئێستا سواری ئەسپیش نەبووم و شارەزای شـەڕیش نیم. بەڵام دەنگە غـەیبـییـەکـە بەتووڕەیییـەوە تێی خـوڕیم و بێدەنگی کردم. پێی گوتم بڕۆ، منیش چووم.

**دستیوە:**

– وابزانم تۆ پێشتر جارێکی تر ماڵت بەجێ هێشتبوو، وایە؟

**ژان:**

– بەڵێ، وایە. ئەوە کاتێک بوو کە ئینگلیزییەکان هێرشیان کردە سەر گوندەکەمان. ئێمەش هەڵاتین و دوای دوو حەوتوو گەڕاینەوە. بەڵام گوندی چی، بەسەر وێرانەیەکدا کەوتین، ئینگلیزییەکان هەموو شتێکیان لێ سووتاندبووین.

**ئەسقەف:**

– درێژە بە قسەکانت بدە!

**لافونتێن** (دێتە ناو باسەکەوە):

– ئاخۆ ئەمەت پێ دروست بوو کە بە نهێنی و بەبێ ئەوەی کەس بزانێ گوندەکەت بەجێ بێڵی؟ ئاخۆ ئێمە نابێ ڕێز لە باوک و دایکی خۆمان بگرین؟

**ژان:**

– بۆچی نا؟ بەڵام ئەگەر سەد دایک و باوکیشم هەبایە هەر دەبوا بچووبام.

**پۆپێر:**

– کە گەیشتیتە شینۆن چ جۆر جلوبەرگێکت لەبەردا بوو؟

**ژان:**

– کاتێک چوومە لای پادشا لە شینۆن جلوبەرگی پیاوانم لەبەردا بوو، بێجگە لە خەنجەرێک چەکێکی ترم پێ نەبوو.

**پۆپێر:**

– کێ پێی گوتی جلوبەرگی پیاوان لەبەر بکەی؟

**ژان:**

– شتێکی ترم لێ بپرسن؟

**ئەسقەف:**

– ئاخۆ نازانی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە کە ژنان نابێ جلوبەرگی پیاوان لەبەر بکەن، هەروەک چۆن پیاوانیش بۆیان نییە جلوبەرگی ژنان لەبەر بکەن؟

**ژان:**

– من باشترین ئامۆژگاریم بیست و باوەڕیشم پێ کرد.

**پۆپێر:**

– چۆن و بەچ شێوەیەک چوویە لای ئەو کەسەی کە تۆ وەک پادشا ناوی دێنی؟

**ژان:**

– زۆر بەئاسانی و بەبێ دەردەسەری. لای نیوەڕۆیە گەیشتمە شینۆن، چوومە میوانخانەیەک. پاش نانخواردن چوومە کۆشکی پاشایەتی. بە یارمەتی و هاوکاریی دەنگە غەیبییەکان هەر زوو پادشام ناسییەوە و پێم گوت دەمەوێ بچمە شەڕی ئینگلیزییەکان.

**مانشێن:**

– ئیزنم دەدەنێ قسە بکەم؟

**ئەسقەف** (ڕوو لە پۆپێر دەکا):

– فەرموو بەڕێز مانشێن

**مانشێن:**

– ئاخۆ پادشاش لەم جۆرە دەنگە غەیبییانەی گوێ لێ دەبێ؟

**ژان:**

– جا بۆ پرسیار لە خۆی ناکەن؟ ڕەنگە وەڵامتان بداتەوە.

**لۆفەڤێر:**

– تۆ لە چ حاستێکی پادشاوە ڕاوەستابووی؟

**ژان:**

– وابزانم بە مەودای درێژاییی شیرێک.

**لۆفەڤێر:**

– کاتێک بۆ یەکەم جار ئەو کەسەی تۆ بەپادشای خۆتی دەزانی، دیت، ئاخۆ فریشتەگەلی لە تەنیشتەوە بوون؟

**ژان:**

– خوا نەکا، من فریشتەم نەدی.

**ئەسقەف** (بە توانجەوە ڕوو لە پۆپێر):

– بەڕێز لۆفەڤێر

**دستیوە:**

– ئەدی گۆیا دەڵێن هەمیشە بازنەیەکی ڕووناکایی بەدەوری سەری پادشاوەیە؟

**ژان:**

– کۆمەڵێک پاسەوان لە دەوری هالابوون، نێزیک بە سێسەد کەسێک دەبوون، نێزیک بە پەنجا مۆمێکیش داگیرسابوون. مەبەستم نووری ڕۆحانی و شتی والە نییە.

**مانشێن** (ڕوو لە جەماعەت):

– لەسەر ئێزنتان؟

– ئاخۆ ئێستاش دەنگە غەیبییەکانت گوێ لێ دەبێت؟

**ژان:**

– بەڵێ ڕۆژ نییە گوێم لێ نەبن. دیارە منیش زۆر پێویستم بەبیستنیان هەیە.

**لافونتێن:**

– چ داخوازییەکت لە دەنگە غەیبییەکان هەیە؟

**ژان:**

– سەرکەوتن بۆ هاوڕێکانم.

**شاتیۆن:**

– ئەو ڕۆژەی لە بەرانبەر پاریسەوە شەڕت دەکرد، ڕۆژی جێژن بوو، وا نەبوو؟

**ژان:**

– ڕەنگە

**شاتیۆن:**

– ئاخۆ لە ڕۆژی جێژندا شەڕکردنت پێ دروستە؟

**ژان:**

– شتێکی ترم لێ بپرسن.

**لافونتێن:**

– پێش ئەوەی بەدیل بگیرێی، کاتێک بەرەو کومپەین دەهاتی، ئەگەر دەنگە غەیبییەکان پێیان گوتبای کە لەو شەڕەدا بەدیل دەگیرێی، ئاخۆ دیسان لەسەر درێژەدان بە شەڕ پێداگریت دەکرد؟

**ژان:**

– بەڵێ، بەڵام ڕەنگە بە غەم و پەژارەوە شەڕم کردبا. من هەر چییەکم لەلایەن دەنگە غەیبییەکانەوە پێ گوترابا، بێ سێ و دوو دەمکرد و تەنەخیم نەدەکرد.

**میدی:**

– لە کەیەوە لە "بوروار" بەند کراوی؟

**ژان:**

– چوار ساڵ. کاتێک زانیم بەئینگلیزییەکان فرۆشراوم و خەریکە

ڕامگوێزن، یەکجار غەمبار بووم. لەو ماوەیەدا دەنگە غەیبییەکانم گوێ لێ نەدەبوو و ئامۆژگاریم لێ وەرنەدەگرتن. لەپێشدا زۆر ترسام، دواتر لە ئینگلیزییەکان زۆرتر ترسام. هەوڵم دا قەناعەت بە خۆم بێنم کە بەمەبەستی هەڵاتن لە زیندانی قەڵاکەوە خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە.

**میدی:**

– ئاخۆ ڕاستە ئەو دەمە تۆ گوتبووت کە پێم باشە بمرم بەڵام نەکەومە دەستی ئینگلیزییەکان؟

**ژان:**

– ڕوونە کە پێم باشترە لە دەستی خوا دابم هەتا لە دەستی ئینگلیزییەکان.

**پۆپێر:**

– دوایین جار کەی گوێت لە دەنگە غەیبییەکان بووەوە؟

**ژان:**

– هەر ئیمڕۆ.

**ئەسقەف:**

– چییان پێ گوتی؟

**ژان:**

– پێیان گوتم ئازایانە وەڵامی قازییەکان بدەمەوە. ئەتۆ ئەسقەفی دینی لە "بۆڤە"، دیارە تۆ خۆت بە قازیی من دەزانی و منیش نازانم ڕاستە یان نا. بەڵام دەبێ ئەوە بزانی ئەگەر بێتو بەهەڵە لەسەرم دادوەری بکەی، ئەوە بزانە کە خۆت تووشی مەترسییەکی گەورە دەکەی؟

**پۆپێر:**

– ئاخۆ پیاوچاکان، یان فریشتەکان یان خوا بۆ خۆی ئامۆژگاریت

دەکەن، کامەیان؟

**ژان:**

– کاترین پیرۆز و مارگاریتی پیرۆز.

**ئەسقەف:**

– ئیتر کێی تر؟

**ژان:**

– میشێلی پیرۆز.

**بۆپێر:**

– لەوانە، کامەیان دوایین جار ئامۆژگاریی کردی؟

**ژان:**

– میشێلی پیرۆز، میشێلی پیرۆز هەر ئەو کەسەی منی بۆ شینۆن نارد.

**پۆپێر:**

– ئەدی ئێستا چت پێ دەڵێ؟

**ژان:**

– کە هەمیشە لەگەڵ ئێوە دۆستانە بجووڵێمەوە و ئازایانەش وەڵامتان بدەمەوە.

**ماسیۆ:**

– کە میشێلی پیرۆزت دی ڕووت بوو؟

**ژان:**

– ڕووت؟ بۆ وادەزانی خوا بە گەورەییی خۆی ناتوانێ جلوبەرگێکی بۆ دابین بکا.

**لۆفەڤێر:**

– ئەی مووی سەری کورت بوو؟

ژان (بۆ یەکەم جار برێک تووڕە و بێواز دەبێ):

– ئاخر بۆ دەبێ میشێلی پیرۆز مووی سەری کورت کردبێتەوە؟

**چاودێری ئینگلیزی:**

– لێی بپرسن کە مارگارێتی پیرۆز بە ئینگلیزی قسەی دەکرد؟

**ئەفسەر** (ڕوو لە ماسیۆ):

– گەورەم دەیەوێ بزانێ ئاخۆ مارگارێتی پیرۆز بە ئینگلیزی قسەی کردووە؟

**ژان:**

– بۆ دەبێ بە ئینگلیزی قسە بکا لە کاتێکدا لە دژی ئینگلیزییەکانە (چاودێری ئینگلیزی پێ دەکەنێ)

**شاتیۆن:**

– تۆ چۆن زانیت ئەو کەسە میشێلی پیرۆزە؟ بەڵکو شەیتان بووێت و خۆی بە میشێلی پیرۆز پێ ناساندووی؟

**ژان:**

– بە شێوازی قسەکانیدا و بە وەی کە فێری زۆر کاری چاکەی کردم.

**شاتیۆن:**

– چی فێر کردی؟

**ژان:**

– پێش هەموو شتێک فێری کردم یارمەتیی خەڵکی بدەم ڕاست لەو دەمەدا کە زۆر کەس لە یارمەتی و بەهاناوەچوونی خەڵکی دەستیان شوشتبوو. سەبارەت بەو هەژاری و چەرمەسەرییە لە ڕادەبەدەرەش کە ئینگلیزییەکان بەسەر خەڵکی فرەنسایان هێناوە، لەگەڵم دوا.

**پۆپێر:**

– ئەتۆ شیرت لە خۆت دەبەست؟

**ژان:**

– شیرێکی دەستکردی "واکولورش" کە کالانێکی قایمم لە چەرم بۆ چێ کردبوو.

**پۆپێر:**

– بەیداخێکیشت هەڵدەگرت؟

**ژان:**

– بەڵێ، ئالآیەک بەسپییەتیی بەفر.

**لافونتێن:**

– کامەیانت زۆرتر خۆشدەویست، ئالآکە یان شیرەکە؟

**ژان:**

– ئالآیەکەم زۆرتر خۆشدەویست. لانی کەم چل بەرانبەر زیاتر. چونکە بە بەرزکردنەوەی ئەو ئالآیە لەشکرم بەرەو سەنگەرەکانی دوژمن هان دەدا. ئەڵبەت بۆ خۆم قەت کەسێکم نەکوشتووە.

**دستیوە:**

– ئەدی هیچ کاتێک بەچاوی خۆت کوشتنی ئینگلیزییەکانت نەدیوە؟

**ژان:**

– بێگومان دیومە، ئێوە زۆر سەیرن وەک کەسانی ساڤیلکە و نەزان قسە دەکەن. مەیدانەکانی شەڕ هەمیشە پڕن لە لاشەی کوژراو. بەڵام کوژراوەکان نەدەبوا بهاتبان، دەبوا لە ماڵە خۆیان دانیشتبان.

**پۆپێر:**

– بۆ قەت وتووێژت لەگەڵ دوژمن نەدەکرد؟

**ژان:**

– لەشکرەکەی من پەیامی بۆ دەناردن کە مانەوە لە خاکی فەرەنسا و

وەدرەنگکەوتن بە هیچ لەونێک پەسند ناکرێ. ئەوان دەبوا هەر ئەو کات و لە هەمان جێگەدا خاکی ئێمەیان بەجێ هێشتبا. من بۆ خۆم بەدەنگی بەرز پێم دەگوتن، تەنانەت بەبێ ئەوەی زەحمەتی جل لەبەرکردنیش وەبەر خۆیان بدەن، هەرچی زووترە هەڵێن و هیچ شتێک بێجگە لە گیانیان نەبێ نابێ لەگەڵ خۆیان بەرن.

**چاودێری ئینگلیزی (ئەفسەرەکە دەنێرێتە پێشەوە):**

– بچۆ بڵێ:

ئەفسەر (لە تەنیشت ئەسقەف ڕادەوەستێت):

– ڕێزداری گەورە.

**ئەسقەف:**

– بەڵێ، قسەیەکت هەبوو؟

**ئەفسەر:**

– دوکی بەدفورد تووڕەیە، دەزانی کە ئەو جەختی لەسەر مەحکەمەیەکی خێرا دەکرد. ئێمە ئەم پرسیارانە لە زیادی دەزانین و ئیتر نابێ درێژەی بدەنێ و لەمە زیاتر کات بەفیڕۆ بدەن.

**ئەسقەف:**

– دوکی بەدفورد دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەم دادگەیە، مەحکەمەیەکی ئاینییە نەک مەحکەمەیەکی سەربازی. ئەو نابێ خۆی زۆر سەغڵەت بکا. ڕێزدار پۆپێر!

**مانشێن:**

– پرسیار: ئێستا پێت وایە چی بەسەر لایەنگرانتدا دێت؟

**ژان:**

– سەردەکەون. ئینگلیزییەکان ناچار دەبن دوایین بستی خاکی

فرەنسا بەجێ بێڵن و تاقە کەسێکیشیان چییە لێرە نەمێنێ.

**میدی:**

– کچۆڵە، لە بیرت نەچێ کە لە کوێی ئێستا؟

**ئەسقەف:**

– ئەگەر ئەم شتانە شەیتان پێت نەڵێ، ئەدی لە کوێ دەزانی؟

**ژان:**

– شەیتان هیچ شتێک نازانێ. من دەزانم کە ئینگلیزییەکان دەمکوژن، ئەوان وا بیر دەکەنەوە هەرکە من مردم ئیتر ئەوان دەتوانن هەموو خاکی فرەنسا داگیر بکەن. بەڵام ئەمە خەونێکی بەتاڵە و بەهۆی سەد هەزار کەسیشەوە ناتوانن فرەنسا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

(چاودێری ئینگلیزی هەڵدەستێ)

**پۆپێر:**

– تۆ پێت وایە خوا لە ئینگلیزییەکان بێزارە؟

**ژان:**

– من نازانم کە خوا خۆشیانی دەوێ یان نەفرەتییان لێ دەکا، یان چۆنیان لەسەر بیر دەکاتەوە؟ تەنیا ئەوە دەزانم کە ئەوان لە فرەنسا دەردەکرێن، ئەڵبەت بێجگە لەوانە کە هەلی هەڵاتنیان نابێ و لێرە دەکوژرێن.

**چاودێری ئینگلیزی:**

– هەی خوێڕییەکان!

(لەگەڵ ئەفسەرەکەی وەدەردەکەون)

**ئەسقەف:**

– دستیوە! من هیوادارم دوک ئەم مەسەلەیە تێ بگا. ئەم مەحکەمەیە

دەبێ بەتەواوەتی بەپێی یاسا بچێتە پێشێ. دنیا چاوی لە ئێمەیە. بەڕێز پۆپێر تکایە درێژە بەقسەکانت بدە. برا ڕائول بچۆ عەرزی گەورەمان بکە؛ چاودێرەکان لە زۆر شوێنەوە هاتوون و لێرە دانیشتوون لە ڕۆم، لە ئەنجوومەنی بازل و هەروەها لە هەموو ئەنجوومەنەکانی ئەوروپاوە.

(برا ڕائول دەچێتە دەرێ)

**ئەسقەف:**

– ڕێزدار پۆپێر!

**پۆپێر** (بەتووڕەییەوە):

– ئاخۆ خوا فەرمانی پێ دای کە جلی پیاوان لەبەر بکەی؟

**ژان** (بە دەنگێکی بەرز):

– نازانم ئێوە بۆ ئەوەندە پرسیار لەسەر جلوبەرگی من دەکەن؟ جلوبەرگ چ گرینگییەکی ئەوتۆی بۆ ئێوە هەیە؟ بۆ ناڵێن کە دەمانەوێ بتسووتێنن چونکە لە دژی ئینگلیزییەکانی؟

**پۆپێر:**

– ئاخۆ تۆ بە جلوبەرگی پیاوانەوە بەشداری لە شیوی خوایی "عشا ربانی" دەکەی؟

**ژان:**

– بەبێ چەک لە جلی پیاواندا.

**ئەسقەف:**

– بەڵێ بە سەرنجدان بەو شتانەی کە ئیمرۆ بیستمان کۆتایی بەدانیشتنی ئیمرۆی مەحکەمە دێنین. بەڕێز ماسیۆ! تاوانبار بەرنەوە ژووری زیندانەکەی خۆی!

(ژان دەبەن)

**ئەسقەف:**

– بەڕێزان! لەمەو بەدوا دەبێ تاوانبار هەر لە ژووری زیندانەکەی خۆیدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ. من و دوو کەس لە دادوەرەکان دەبێ بەنهێنی لە کاتی زیادەی خۆمان کەڵک وەربگرین و دۆسیەکەی بەباشی بخوێنینەوە. دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە کەس هەتا کۆتاییی مەحکەمە نابێ شاری ڕوان بەجێ بێڵێ. هەزاران سڵاو لە خوای گەورە!

**هەموو پێکەوە:**

– هەتاهەتایە، ئامین!.

## پەردەی چوارەم

کوشون ئەسقەفی دینی "بۆڤە" دەچێتە لای ژان لە بەندیخانەی "قەلاّی کێڵگەکان".

(بەندیخانە؛ ژان بەسەر سووکە تەختێکەوە ڕاکشاوە و پاسەوانە ئینگلیزییەکانیش پاسەوانیی دەکەن)

**پاسەوانی یەکەم:**

– ژان!

**ژان** (بە ماندوویییەوە):

– چیی ترت دەوێ؟

**پاسەوانی یەکەم** (بە گاڵتە پێکردنەوە):

– من کاترینی پیرۆزم.

**ژان:**

– تۆ سەربازێکی ئازای و هیچی تر.

**پاسەوانی دووەم:**

– منیش مارگارێتای پیرۆزم.

**ژان:**

– تۆ بەرازی، دەمت داخە.

**پاسەوانی دووەم:**

– من میشێلی پیرۆزم.

(ژان ئامبازی دەبێ)

**پاسەوانی دووەم:**

– دێڵەسەگ میشێلی پیرۆز ئاوا ئامۆژگاریی کردی؟ بەمجۆرەش پارێزگاریی لێ کردی؟ (لافونتێن وەژوور دەکەوێ)

**لافونتێن:**

– ئەوە چ باسە لێرە؟

(پاسەوانەکان یەخەی ژان بەردەدەن و ژان هەڵدەستێتە سەرپێ)

**پاسەوانی یەکەم:**

– ڕاوەستە کەس مافی هاتنە ژوورەوەی نییە، قەدەغەیە!

**لافونتێن:**

– من بەرپرسی لێکۆڵینەوەم، پێم بێژن لەبەر چی ژان دەگری؟

**ژان:**

– من ناگریم، تەنیا لە کۆڵم ببنەوە.

**لافونتێن:**

– لە ڕۆژی شەمە بەولاوە چت بەسەر هاتووە، بیگێڕەوە!

**ژان:**

– باوکی ڕۆحانی بەچاوی خۆتان دەبینن کە بارودۆخم چۆنە و لە چ حاڵێکدام، وادیارە لەوپەڕی خۆشیدا. ئەسقەف پارچە گۆشتی ماسییەکی بۆ ناردم کە ئەویش نەخۆشی کردم.

**لافونتێن** (ئاخێک هەڵدەکێشێ):

– لە بیستنی ئەم بەسەرهاتە بەداخم.

(بە ئاماژەکردن بە پاسەوانەکان دەڵێ کە برێک دوور بکەونەوە)

**لافونتێن:**

– گوێ بگرە، تۆ دەبێ گوێ لە ئامۆژگارییەکانم وەربگری. نابێ

ئەوەندە کەڵلەڕەق بی، ئەوەندەش بزانە کە دادوەرەکان چاکەی تۆیان دەوێ. تێ دەگەی؟

**ژان:**

– نا

**لافونتێن:**

– ئێستا ئامادە بە، کاتێکی ئەوتۆمان بۆ دەستپێکردنەوەی لێکۆڵینەوە نەماوە.

**ژان:**

– دیسان لێکۆڵینەوە.

**لافونتێن:**

– ئەوە کە مەحکەمەکەت ئاوا درێژەی کێشاوە، خەتای خۆتە و بێجگە لە خۆتیش نابێ کەسێکی تر سەرکۆنە بکەی. ئەمەش ئەسقەفەکەت.

(ئەسقەف، ماسیۆ و سکرەتێر دێنە ژووریّ)

لافونتێن (بە چپە ڕوو لە قەشە تازە وەژوورکەوتووەکان):

– هەلومەرجی ئێرە زۆر نالەبارە، ئەم پاسەوانە ئینگلیزییانە

**ئەسقەف:**

– وسس. ئەم منداڵە بۆ خۆی لەگەڵ پاسەوانەکان ڕاهاتووە. من لەو باوەڕەدام کە بۆ خۆی مشووری ئەوان دەخوا، بەڕێز ماسیۆ!

(بە ئاماژەکردنی ماسیۆ، سکرەتێر و پاسەوانەکان ژووری لێکۆڵینەوە بەجێ دێڵن)

**ئەسقەف:**

– زۆر باشە ژان! تۆ گوتت ئەگەر ئێمەی ئەسقەفەکانت حوکمت بدەین، ئەوە خۆمان لە مەترسییەکی گەورە دەخەین. مەبەستت لەمە چ

بوو؟ چ مەترسییەک دەتوانێ بێتە پێشێ بۆ ئێمە و ئەسقەفەکانت و ئەوانەی تر لە دانی ئەم حوکمەدا بەشداری دەکەن؟

**ژان:**

– بەم زووانە بۆ خۆتان تێ دەگەن.

**ئەسقەف:**

– ئاخۆ دەنگە غەیبییەکان لەم بارەوە شتێکیان پێ گوتووی؟

**ژان:**

– ئەمە پێوەندیی بەم مەحکەمەیەوە نییە. بەڵام بە تەواوەتی لەوە دڵنیام ئەوانەی کە دەیانەوێ من لەسەر عەرز نەمێنم، ئەوە بۆ خۆیان پێش لە من دنیا بەجێ دێڵن.

**ئەسقەف:**

– ئاخۆ دەنگە غەیبییەکان بەڵێنی هەلێکی لەبار و ڕەخساویان پێ داوی؟

**ژان:**

– من پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە.

**ئەسقەف:**

– ئەم هەلە کە باسی دەکەی کەی دەڕەخسێ؟

**ژان:**

– ڕاست ڕۆژ و سەعاتەکەی نازانم.

**ئەسقەف:**

– باشە کاتەکەی بڵێ؟

**ژان:**

– ئێستا نایڵێم.

**ئەسقەف:**

– بەر لە ڕۆژی یوحەنای پیرۆز؟

**ژان:**

– پرسیارێکی ترم لێ بکەن.

(ماسیۆ سرت و خورتێک لەگەڵ ئەسقەف دەکا)

**ئەسقەف:**

– چت بە "گرەی" پاسەوان گوتووە؟

**ژان:**

– گوتم کارەساتێکی ترسناک بەر لە جێژنی ڕۆژی پیاوچاکان "هێلگۆنەکان" چاوەڕێتان دەکا.

**لافونتێن** (لە ژان نێزیک دەبێتەوە):

– ئاخۆ دەنگە غەیبییەکان بەڵێنیان پێ داوی کە لە بەندیخانە ڕزگارت دەبێ؟

**ژان** (لە ناکاو شادییەک سەرتاپای دادەگرێ):

– دەنگە غەیبییەکان بەڵێنی هاوکارییان پێ داوم. بەڵام نازانم ئاخۆ ئێستا لە بەندیخانە ڕزگار دەبم یان ئەوە لە ڕۆژی لەداردانمدا شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکرێ و دەبێتە هۆی ئازادبوونم.

**لافونتێن:**

– من لەم قسەیەت بەو ئاکامە دەگەم، هەروەک بۆ خۆشت دەزانی، پێشتر کەسانی تریش هەبوون کە وایان نیشان داوە کە گۆیا دەنگە غەیبییەکانیان گوێ لێ دەبێ بەڵام وەک دەرکەوتووە، درۆیان کردووە.

(ژان بێدەنگە)

**لافونتێن:**

– تۆ کەسێکت بەناوی "کاترین لاروشێل" دیوە، وانییە؟

**ژان:**

– بەڵێ دیومە. ئەو بەمنی گوت ژنێکی نوورانی کە عەبایەکی زێڕینی لە کۆڵ کردووە، شەوێک هاتووەتە لای و پێی گوتووە کە بچێتە لای پادشا و داوای جاڕکێش و شەیپوور ژەنی لێ بکا. دواتر شار بەشار بگەڕێن و خەڵکی کۆ بکەنەوە و داوایان لێ بکەن ئەوانەی خەزێنەیەکی شاراوەیان هەیە بەبێ ڕاوەستان بەوانی بسپێرن. هەروەها ئەو ژنە باسی ئەوەشی کرد کە ئەو توانایەکی وای هەیە کە دەتوانێ بزانێ کە کێ چ خەزێنەیەکی هەیە و لە کوێ شاردوویەتەوە. دواتر ئەو پارە و خەزێنەیەی کە لەم ڕێگەیەوە پەیدا دەکرێ بە منی دەسپێرێ بۆ ئەوە ببێتە تێچووی قشوونی پیادەی سەربازی لەشکرەکەی من.

**لافونتێن:**

– ئەی وەڵامی تۆ چی بوو؟

**ژان:**

– پێم گوت بگەڕێتەوە لای مێردەکەی و باشترە بە کاروباری ماڵە خۆی ڕابگا و منداڵەکانی بەخێو بکا. بەڵام بۆ دڵنیاییی تەواو، پرسیارم لە کاترینی پیرۆز و مارگارێتای پیرۆز کرد. ئەوانیش گوتیان قسەکانی کاترین لاروشێل جێگەی متمانە نییە و ئەو قسانە بۆ خۆی هەڵی بەستوون. من لە ڕاپۆرتێکدا ئەم مەسەلەیەم بە ئاگەداری پادشاش گەیاند.

**لافونتێن:**

– ئەی لەبارەی مەسەلەکەی ترەوە ڕاوێژت لەگەڵ نەکردن؟

**ژان:**

– ئەها، بەڵێ، ئەو دەیویست بچێتە لای ئینگلیزییەکان و ڕێگەیەک بۆ ئاشتی ببینێتەوە. منیش پێم گوت من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام کە ئینگلیزییەکان تەنیا بە زۆریی نێزە نەبێ، لەگەڵمان ئاشتی ناکەن.

**ئەسقەف:**

– بەڵێ.

**ژان:**

– پاشان لێم پرسی ئاخۆ ئەو ژنە نوورانییە کە باسی دەکەی هەموو شەوێک دێت بۆ چاوپێکەوتنت؟ گوتی: ئا. چونکە دەمویست شەوێک نەخەوم و منیش بیبینم. هەر واشم کرد هەتا نیوەشەو نەخەوتم، بەڵام کەسم نەدی. بۆ بەیانییەکەی لێم پرسی کە ئاخۆ ژنەکە شەوێ هاتە لات؟ گوتی: بەڵێ ڕاست لەو کاتەدا تۆ خەوت لێ کەوت ئەویش هات. من دەمتوانی شەوێکی تریش وەخەبەر بمێنم. هەر بۆیە لێم پرسی ئاخۆس سبەی شەویش ئەو ژنە نوورانییە جارێکی تر دێتەوە لات؟ گوتی:س بەڵێ. منیش هەموو ڕۆژەکە خەوتم، بۆ ئەوە شەوێ خەوم لێ نەکەوێ هەتا بتوانم ژنەکە ببینم. بەڵام شەو داهات ئەو جارەش کەسم نەدی. دواتر دووجار لە سەریەک لێم دووپات کردەوە ئاخۆ ژنەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لات. کاترینیش هەردوو جار وەڵامی دایەوە بەڵێ بەم زووانە.

**لافونتێن:**

– کەوایە تۆ پێت وایە کە خواوەند تۆ وەک هەڵبژاردەیەک دەبینێ و مەرحەمەتی تایبەتی بۆ تۆ هەیە؟

**ژان:**

– ئەگەر تا ئێستا پێی نەکردووم ئەوە بە گەورەیی خۆی پێم دەکا. ئەگەریش پێی کردووم ئەوە خوا بۆ خۆی کەسانی خۆشەویستی خۆی بێبەش ناکا. من چارەڕەشترین مرۆڤی سەرتۆپی زەوی دەبووم، ئەگەر زانیبام لە مەرحەمەتی خواوەندی مەزن بێبەشم.

**لافونتێن:**

– بەڵام لە بیرت نەچێ کە تۆ بەمەبەستی خۆکوشتن ویستت لە

قەڵایەکەوە خۆت فڕێ بدەیتە خوارەوە. مەگەر وانەبوو؟

**ژان:**

– نا، من تەنیا دەمویست ڕابکەم نەک خۆم بکوژم.

**لافونتێن (بە پێداگرییەوە):**

– کەوابوو لەو باوەڕەدای کە ئیتر تووشی گوناحی گەورە نابی؟

**ژان:**

– من بەتەواوەتی لە پاکیی خۆم دڵنیام.

**ئەسقەف:**

– ئەگەر لە پاکبوونی خۆت دڵنیای ئەی بۆ دەتویست پێ لە هەڵە و گوناحەکانی خۆت بنێی؟

**ژان:**

– لەشی مرۆڤ قەت ناتوانێ بەشێوازێکی شیاو، ویژدان هەمیشە لە پاکیدا ڕابگرێ.

**لافونتێن** (خەریکە هێوریی خۆی لە دەست دەدا و تووڕە دەبێ):

– دەتەوێ بڵێی بە دیلگرتنی پیاوێک بە فێڵ و تەڵەکە و دواتر کوشتنی گوناحێکی گەورە نییە؟

**ژان:**

– من قەت کارێکی وام نەکردووە!

**لافونتێن:**

– نەتکردووە؟ ئەدی سەبارەت بە "فرانک ئاراس" ناوێک کە بەبڕیاری تۆ لە "لاگنی" کوژرا، دەڵێی چی؟

**ژان:**

– ئەو کابرایە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆی بوو کە بکوژرێ. هەتا

بلّێی پیاوێکی دز و ڕەزیل و خائین بوو. من دەمویست لەگەڵ یەکێک لە پیاوە باشەکانی خۆماندا کە لە شەڕ لەگەڵ ئینگلیزییەکاندا بەدیل گیرابوو، بیگۆڕمەوە. بەڵام هەر ئەو کابرایە کە ئێمە چاوەڕێی ئازادبوونیمان دەکرد، کوژرا. ئیتر دوای ئەمە زۆر گەوجانە بوو کە من ڕێگە بدەم پیاوێکی پیسی وەک فرانک ئازاد بکرێ. لە کاتێکدا ئەوان دیلەکەی ئێمەیان کوشتبوو.

**لافونتێن:**

– ئاخۆ ئەو کەسەی فرانکی بەدیل گرتبوو پارەی لە تۆ وەرگرتبوو؟

**ژان:**

– من نە خەزێنەم لە فەرەنسا هەبوو و نە سکەشم لێ دەدا. چۆن دەمتوانی پارەی زیادی بە کەسێک بدەم؟

**ئەسقەف:**

– ژان! ئێمە لە دۆزی تاوانباریتدا، لە سزانامەی مەحکەمەدا تۆ بەم خاڵانەی خوارەوە تاوانبار دەکەین؛

یەکەم، تۆ لە ڕۆژی جێژندا لە بەرانبەر دەروازەکانی پاریسدا شەڕت کردووە.

دووەم، تۆ بەمەبەستی خۆکوشتن لەسەر قەڵای "بوروار" خۆت فڕێ داوەتە خوارێ.

سێیەم، تۆ لە کوشتنی فرانک ئاراسدا دەستت هەبووە.

چوارەم، تۆ جلوبەرگی پیاوانت لەبەر کردووە.

**ژان:**

– ئەسقەفی "بۆڤە" باشترە بیر لە کار و کردەوەکانت بکەیەوە. ئەم مەحکەمەیە لە ڕاستیدا پڕیەتی لە فێڵ و تەڵەکەبازی. یەکەم، ئەوەی سەبارەت بە پاریس گوترا، ڕۆژی جێژن بووە یان نەبووە، گوناح بووە

یان نەبووە؟ هیچ پێوەندییەکی بەم مەحکەمەیەوە نییە. جێگە و شوێنی وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە لە بارەگەی خوایە نەک ئێرە. دووەم، من بە هیوای خۆڕزگارکردن لەسەر قەڵاوە خۆم فڕێ داوە نەک لە ڕووی ناهومێدی و هیوابڕاوییەوە.

**ئەسقەف:**

– ئەی جلووبەرگی پیاوان؟

**ژان:**

– هەتا کاتێک لێرە ڕامبگرن ئەوە هەر لەبەریان دەکەم. ئەگەریش هاتوو ڕێگەتان پێ دام کە بگەڕێمەوە لای دایکم و بچمەوە ماڵێ، ئەوە جلێکی ژنانم بۆ بێنن کە هەر ئێستا لەبەریان دەکەم.

**ماسیۆ:**

– ژان، کامەیانت زۆرتر لا باشترە، ئەوەی لە شیوی خوایی چاوپۆشی بکەی یان ئەوە بەجلی ژنانەوە تێیدا بەشداری بکەی؟

**ژان:**

– ئەگەر ئێوە ئەمە بە تاقە ڕێگەی بەشداریکردن لە شیوی خواییدا دەزانن، ئەوە منیش هەروەک هەموو کچانی شار، جلی ژنان لەبەر دەکەم. تەنانەت کەوای شۆڕیش لەبەر دەکەم و کڵاوی گەورەش لە سەر دەنێم. بەڵام دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە ئەوە جلوبەرگەکان لەبەر دەردێنم. ئێستا پڕ بەدڵ داواتان لێ دەکەم، لێم گەڕێن، چۆنم با هەر وا بم.

**ئەسقەف:**

– بە منیان گوتووە تۆ لەبەر ئەوە ئەم جلوبەرگانە لەبەر دەرناهێنی کە ئاگات لە پیلانێکە کە گۆیا بۆ ڕزگارکردنت لە زیندان بۆت گەڵاڵە کراوە.

**ژان:**

– ئیتر من وەڵامی هیچ پرسیارێکتان نادەمەوە، ئێوە بۆ خۆتان وەڵامەکان لە پێشنووسی دانیشتنی مەحکەمەدا بنووسن.

(ژان خۆی دەخاتە سەر تەختەکەی)

**ئەسقەف:**

– زۆر باشە، کۆتایی بەدانیشتنی ئیمڕۆمان دێنین. پێشنووسی دانیشتنەکە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بنێرن بۆ دادگە.

## پەردەی پێنجەم

بازاڕی سەری حەوتوو لە "ڕووان"

بەساتی دوو فرۆشیار، ژنە ماسیفرۆش، ژنە جووتیار و کوڕەکەی؛ پەنیر، کەرە و هێلکە دەفرۆشن. ژنە ماسیفرۆش خەریکی ماسی فرۆشتنە. کەمئەندامی شەڕ فلووت لێ دەدا . لەنێو کڕیارەکانیشدا دوکتۆر دوفور و دوو کچە برازاکانی دەبیندرێن.

سەربازێکی ئینگلیزی کە شتومەکی جۆرەوجۆری کڕیوە بەرەو لای بەساتی ژنە جووتیار دەڕوا و بە تۆپزی بیست هێلکە، چوار سەلک پەنیر و دوو قالبە کەرەی لێ دەکڕێ و ئیزن بە ژنە جووتیار دەدا کە پارە لە کیسەکەی هەڵبگرێ.

**ژنە جووتیار** (لە کاتی ژماردندا):

– بیست، بیست و دوو، بیست و چوار

**سەربازی ئینگلیزی:**

– بەسە!

**ژنێکی جلشڕ**:

– خاتوون، دوو دانە هێلکە

(سەربازی ئینگلیزی بەرەو لای ژنە ماسیفرۆشیش دەڕوا و ماسییە گەورەکانی لێ دەکڕێ. کیسەی پارەکەی دێنێتە دەرێ و ژنەش پارەی لێ هەڵدەگرێ)

**سەربازی ئینگلیزی:**

– بەسە!

(سەربازی ئینگلیزی بزەیەکی دۆستانەی دێتێ و دەڕوا)

**ژنە ماسیفرۆش:**

– هەر بەژەهری مارت بێت

(ڕوو لە دوکتۆر دوفور دەکا)

– دوکتۆر ئیمرۆ ماسیی باشم هەیە

**دوکتۆر دوفور** (یەکێک لە ماسییەکان هەڵدەبژێرێ):

– ئەمــەیان بەم چاوە گــەشـانەیەوە ڕەنگە دەنگە غــەیبـیـیـەکـان ئامۆژگارییان کردبێ کە پارووی سەر قولابەکە بخوا و ئاوا خۆی لە داو بخا.

**برازای یەکەم** (لەلای بەساتی ژنە جووتیار):

– مامە گیان!

**ژنە جووتیار:**

– خـەڵک نابێ گـاڵتـەجاڕی بە دین بکەن، ئەو لە جـادووگـەرێک زیاتر هیچی تر نییە.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– لەبەرئەوەی لە دژی ئینگلیزییەکانە، حەیفە کە جادووگەرە.

**ژنە جووتیار:**

– شەیتان دەنگە غەیبییەکانی بۆ ناردووە.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– دەنگە غەیبییەکانی ژان هەمان شت دەڵێن کە ئێمەش دەیڵێین، یانێ دەبێ ئینگلیزییەکان خاکی فەرەنسا بەجێ بێڵن.

**کوڕ:**

– ژان یەکێک لە ژنە پیرۆزەکانە.

**ژنە جووتیار:**

– تۆ جارێک دەمت داخە

**دوکتۆر دوفور** (ڕوو لە ماسییەکەی):

– ڕەنگە ئەتۆش پیاوچاک یان جادووگەر بووبی، بەڵام ئەوەتانێ ڕاو کراوی و بەم زووانەش کەباب دەکرێی.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ڕاستە، جادووگەر بێ و جادووگەر نەبێ ئەوە خەریکن دەیکوژن، چونکە ئینگلیزییەکان دەیانەوێ بەشەکەی تری فرەنساش هەلووشن.

**برازای یەکەم:**

– مامە گیان وەرە با بڕۆین. ئاخرەکەی ئێوە خۆتان تووشی دەردەسەری دەکەن. (لەوان دوور دەکەوێتەوە و بەترسەوە چاوێک لە دەوروبەر دەکا)

**دوکتۆر دوفور** (بە تووڕەییەوە ئاوڕێک لە برازاکەی دەداتەوە):

– وادیارە خاتوون تۆش دوژمنی کەنیشکەکەی چونکە دەڵێن جادووگەرە. ئەگەر جادووگەر نەبایە خاتوو "بریلارد" کە نموونەی ژنێکی باشی فرەنسایییە لایەنگریی لێ دەکرد. خاتوون دەمەوێ پۆندێک کەرەی ڕەسەنی کاتولیکیت لێ بکڕم بۆ لێنانی ماسییە ڕەسەنە فرەنساییەکەی خاتوو بریلارد. جا ئەم دوو شتە دژبەیەکانەی ئەم دوو خاتوونە ئازیزانە لە تاوەکەمدا تێکەڵ بەیەکتری دەبن و خواردنێکی خۆش و بەتامی لێ دەردەچێ.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– دوکتۆر دوفور تۆ قەت ناگۆڕدرێی.

**دوکتۆر دوفور:**

– بۆ بگۆڕدرێم خاتوو بریلارد؟

**ژنە ماسیفرۆش:**

– ڕەنگە کەنیشکەکە توانیبای پێت بڵێ.

**کوڕ:**

– دەڵێن سەیر دادوەرەکانی تەنگەتاو کردووە.

(چوار قەشە، پۆپێر، دستیوە، مانشێن و لۆفەڤێر بە دەم قسەکردنەوە بەنێو بازاڕدا تێ دەپەڕن)

**مانشێن:**

– باشە دوایە چی بەسەر دێ؟

**پۆپێر:**

– هەموو شتێک تەواو بوو.

**مانشێن:**

– مەبەستت چییە؟

**پۆپێر:**

– فتوای زانکۆی پاریس گەیشت.

**دستیوە:**

– ڕۆن بۆ ئاگر و ئاگریش بۆ تاوانبار.

**پۆپێر:**

– وەرگەڕان لە دین و ڕەدکردنەوەی دین بەتەواوەتی.

**لۆفەڤێر:**

– ئەڵبەت خەڵک دەڵێن پاریس لەژێر دەستی ئینگلیزییە داگیرکەرەکاندایە هەروەک چۆن "ڕووان" لەژێر دەستیاندایە.

**مانشێن:**

– نا، پاریس، پاریسە.

**لۆفەڤێر:**

– بیستومە فتوایەکی تریش لە گێرسۆنی پیرەوە هاتووە، بەڵام بەقازانجی تاوانبار. نکووڵی لەوە ناکرێ کە ئەم پیاوە لەمێژە ڕێبەری ڕووناکبیریی ئەوروپییەکان دەکا.

**پۆپێر:**

– ئەم ڕێوییە پیرە هەمیشە بە سەرنجدان و لە بەرچاوگرتنی خەڵکی بڕیارەکانی خۆی دەدا. ئەو "کونستانس ئۆهاس"ی لە ئاگردا سووتاند بەڵام ئەمجارە ئەم کچەی وەک ڕۆڵەی خەڵک ناساندووە.

**مانشێن:**

– بە ڕاستی کە ڕۆڵەی خەڵکە، ڕاست بە قەرای دە زانای ڕۆحانی شت دەزانێ. بۆ نموونە سەرنجتان داوە کە چەندە هەوڵ دەدا کە نەڵێ دەنگە غەیبییەکان پێیان گوتووە کە جلوبەرگی پیاوان لەبەر بکا. چونکە دەزانێ سەلماندنی ئەمە بەو مانایەیە کە شەیتان فریوی داوە و دەنگە غەیبییەکان درۆن. هەر بۆیە لە وەڵامدانەوە بەپرسیاری جلوبەرگ خۆی دەبوێرێ.

**لۆفەڤێر:**

– تەنانەت ئەو دەمیش ناتوانین بیسەلمێنین کە شەیتان فریوی داوە. چونکە ئەگەر کچێک شەیتان ببینێ بەو مانایەیە کە ئیتر کچ نییە و ژنە. من بۆ خۆم ئاگەدارم کە خاتوو "بەدفورد" بوونی کچێنییەکەی سەلماندووە.

**دستیوە:**

– هەروەها من ئەوەش دەزانم کە دوک بەدفوردی مێردی لەو دەمەدا بەدزییەوە سەیری کردبوون. ئەڵبەت لە خێر و بەرەکەتی ئەو کونەی کە دوک بۆ خۆی بەمەبەستی تایبەتی لە ژوورەکەیانی کردووە.

(پێ دەکەنن و درێژە بەڕۆیشتنەکەیان دەدەن)

(دوکتۆر دوفور بە چپە شتێکی بە گوێی کەمئەندامی شەڕدا چرپاند. ئەویش بە نیشانەی ناڕەزایەتی سەرێکی بادا و گۆرانییە بەناوبانگەکەی کە لە هەجووی "کوشون" ئەسقەفی دینی "بۆڤە" چڕی)

(مانشێن پارەیەکی لە دەستی نا و دستیوەش تێی گەیاند کە ئەم شیعرە دۆستانە نییە)

**دستیوە** (ڕوو لە کەمئەندامی شەڕ):

– هەی پیسکەی بێ شەرەف!

(قەشەکان بە تووڕەییەوە ئەو ناوە بەجێ دێڵن)

**ژنە ماسیفرۆش** (لە چڕینی گۆرانییەکەدا بەشداری دەکا):

دەڵێن کوشون ئەسقەفی بۆڤە
ئێستا تەواو ئینگلیزییە
هەم بۆ خۆهەڵکێشان و
هەم بۆ پێنج هەزار لیرە.

## پەردەی شەشەم

٩ی مانگی مایی ساڵی ١٤٣١- لە جبەخانەی قەڵای پاشایەتیدا ژان ترسی ئەشکەنجەکرانی وەبەر دەنرێ.

جبەخانە هۆڵێکی گەورەیە لە قەڵای پاشایەتیدا، ئەسقەفی "بۆڤە" و هەموو دادوەرەکان، برا ڕائول، سکرتێر، جەلاد، ژان و پاسەوانەکان لەوێ حازرن.

**ئەسقەف:**

- سڵاو و ڕێز بۆ خوای گەورە.

**هەموو:**

- هەتاهەتایە، ئامین.

**برا ڕائول:**

- ڕێزداری گەورە! ئەمە "دژواردن"ی جەلادە

(جەلاد کڕنۆش دەبا و شاقەلی ئەسقەف ماچ دەکا)

(ئەسقەف دەستی بەسەردا دێنێ و متەفەڕکی دەکا)

**ئەسقەف:**

- فەرموو، بەڕێز ژان شاتیۆن مامۆستای زانکۆی خواناسی لە پاریس.

**شاتیۆن:**

- ژان! ئێمە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، بەبێ ئەوەی بیری تۆڵەکردنەوەیەکمان لەسەردا هەبێ، ئیمڕۆ دوایین هەوڵی خۆمان بۆ ڕزگارکردنی جەستە و ڕۆحت و هەروەها بۆ دووبارە بارهێنانەوەی نوێت، دەدەین.

**ژان:**

– هەرچی زووترە دەست پێ بکەن، با بزانم سەروبنی قسەکانتان چییە؟

**شاتیۆن:**

– ئەمە هەموو قسەکانت بوو کە دەتویست بیکەی؟

**ژان:**

– زۆری قەراخ پێ مەدە، داخوازینامەی مەحکەمە بخوێنەوە!

**شاتیۆن:**

– ئێمە بەوردی و لەسەرەخۆییەوە، هەموو جوولانەوە و هەڵسوکەوتی تۆمان کە لە دۆسیەکەتدا تۆمار کرابوو، خوێندەوە. هەموومان بەنائاسایی و لادەرانە زانی.

**ژان:**

– باشە، من چۆن بزانم کە ئێوە چیتان لە دۆسیەکەدا نووسیوە؟

**شاتیۆن:**

– یانێ ئێمە دادوەرەکان کە لەلایەن کلێسەوە دیاری کراوین بە فەرمی ناناسێ؟

**ژان:**

– بەڵێ، بە تەواوی ڕاستە!

**شاتیۆن:**

– ژان! وادیارە دەرکەوت کە تۆ کلێسەی پیرۆز و پاک بە فەرمی ناناسی؟ هەر لەبەر ئەم تاوانە، مەحکەمە ناچارە، حوکمی سووتاندنت بەسەردا بدا.

**ژان:**

– تەنانەت ئەگەر لەسەر بڵێسەی ئاگریشم دانێن، شتێکی تر نییە کە

له قسەکانمی زیاد بکەم.

**شاتیۆن:**

– ژان! ئێمە پێشتر بە ڕوونی بۆمان باس کردووی، پشکنین و دەستتێوەردان لەو مەسەلانەی کە لە سەرەوەی زانین و ئاوەزی مرۆڤن، چەندە پڕ مەترسین و بگرە مەرگهێنەریشن. باوەڕکردن بە شتە نوێیەکان و هێنانەگۆڕی مەسەلەی تازە و نەبیستراو، ڕێگە بۆ شەیتانەکان خۆش دەکا کە دەربیجەیەکی نهێنی بۆ هاتنەژوور بۆ نێو جیهانی وریایی ئێمە ببیننەوە. تەواوی زاناکانی زانکۆی ئیلاهییات لە پاریس لەسەر ئەو باوەڕەن کە قسەکانی تۆ لە پێوەندی لەگەڵ دەنگە غەیبییەکان و ئەو نهێنییانەی بۆت ئاشکرا کراون، درۆودەلەسە و پروپووچن. تۆ بەبێ سەرنجدان بە ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردنەکانی ئێمە بەهۆی هەستی خۆ بەزلزانیتەوە، خۆت بە لێوەشاوەی ئەوە زانیوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوا پێوەندیت هەبێت. تۆ لە بیرت کردووە کە خوای گەورە کەسانی خۆ بەزلزان لەگەڵ ڕەوشت و خووخدەی شەیتانیدا تاقی دەکاتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە ئەو دەنگە غەیبییانە هەڵبەستراوی خۆتن و هیچ پێوەندییەکیان بە خواوە نییە. کەوابوو ئامۆژگاریت دەکەین کە دەست لەم شتە پروپووچ و بێ بناوانە هەڵبگرە و پێ لە هەڵە و درۆیەکانت بنێ. ئەگەر ئیمرۆ لە بەرانبەر کلێسەدا خۆت بەدەستەوە نەدەی، ئەوە ڕۆحت لە ئاگری هەتاهەتاییی دنیای قیامەت و جەستەشت لە ئاگری دنیای ئێستادا دەسووتێ.

**ژان:**

– وا دەزانی بەم قسانە دەتوانی سەرنجم بۆ لای خۆت ڕابکێشی و بمترسێنی.

**ئەسقەف:**

– بەڕێز لافونتێن!

**لافونتێن:**

– ژان ئەی خۆشەویستترین خوشکم! داوات لێ دەکەم نەهێڵە کارەکە لەمە خراپتر بێت. ئەگەر بەڕاستی دەنگە غەیبییەکانت بیستووە، ئەوە بۆچوونی زانکۆی پاریس بسەلمێنە کە ئەو دەنگە غەیبییانە درۆن. ئەگەر وەختی خۆی یەکێک لە سەربازەکانت بیگوتبایە کە من لە فەرماندەکانی پادشا پێڕەوی ناکەم، ئەتۆ چت لەگەڵ دەکرد؟ کە وایە لە پێوەندی لەگەڵ خۆتدا ئەم لاساریکردنە، پێڕەوی نەکردنە لە نوێنەرانی کلێسە. خوشکی ئازیز دەست لە بەرگری هەڵبگرە، دەنا تووشی دەرد و مەینەتێکی هەمیشەیی دەبی. جگە لەمەش من بۆ خۆم پەرۆشی گیانی تۆمە. داوات لێ دەکەم، لێت دەپاڕێمەوە، بەڵکو ئێمە بتوانین سەرلەنوێ جەستە و ڕۆحت ڕزگار بکەین.

**ژان:**

– من تەسلیمی بڕیاری خوام، ئەمە بەس نییە؟

**لافونتێن:**

– ژان! تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە ئێمە لە نێوان سەرکردەکانی کلێسە و تێکۆشەرانی کلێسەدا جیاوازی دادەنێین. سەرکردەکانی کلێسە بریتین لە خوا، پیاوچاکان و تەواوی ڕۆحە بەهەشتییەکان. تێکۆشەرانی کلێسەش لە کاردیناڵەکان، ئەسقەفەکان، قەشەکان و تەواوی کاتۆلیکەکان پێکهاتوون. لەوەتی کلێسە لەسەر گۆی ئەم زەوییە هەیە لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە چاودێری دەکرێ و لە هەر چەشنە هەڵە و کەموکووڕییەک بێ بەرییە. ئەدی تۆ بۆ سەری بۆ نەوی ناکەی؟

**ژان:**

– من ئیتر وەڵامی هیچ پرسیارێکتان نادەمەوە.

**ئەسقەف:**

– ژان! بۆ دوایین جار لێت دووپات دەکەمەوە. ئاخۆ سەر بۆ کلێسە دادەنەوێنی یان نا؟

**ژان:**

– کلێسە چییە؟ نا، من تەسلیمی ئێوەی دادوەر نابم.

**ئەسقەف:**

– ئەی تەسلیمی پاپ دەبی؟

**ژان:**

– بمبەنە لای بەخۆی دەڵێم.

**ئەسقەف:**

– ئەی تەسلیمی ئەنجوومەنی بازل دەبی؟

**ژان:**

– ئەنجوومەنی بازل ئیتر چییە؟

**لۆفەڤێر:**

– ئەنجوومەنێکە پێکهاتووە لە نوێنەرانی هەموو کلێسەکان. بەواتایەکی تر ئەم ئەنجوومەنە لە نوێنەرانی وڵاتی ئینگلیز و هەروەها وڵاتی تۆش فرەنسا پێکهاتووە.

**ژان:**

– ڕەنگە تەسلیمی ئەوان بم، باشترە.

**شاتیۆن:**

– بازل؟

**لۆفەڤێر:**

– ژان ئەو مافەی هەیە.

**شاتیۆن:**

– ئەم پرسە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم مەحکەمەیە.

**پۆپێر:**

– بۆچوونێکی سەیرە!

**ئەسقەف:**

– کێ لە دوایین کۆبوونەوەدا ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ کردووە؟

**ماسیۆ:**

– کەس.

**مانشێن:**

– کەوایە بۆ پرسیاری لێ دەکەن؟

**سکرتێر:**

– ئاخۆ ئەم خۆبەدەستەوەدانەی وەک دوایین قسەی لە ڕاپۆرتەکەدا بنووسم؟

**ئەسقەف:**

– نا، ڕاوەستە.

**ژان:**

– وادیارە تۆ لێی ناگەڕێی شتێک بەقازانجی من بنووسێ.

**ئەسقەف:**

– بێدەنگ بە. هەتا کاتێک بەم شێوەیە ئامۆژگارییەکانمان پشتگوێ بخەی و نکووڵی لە ڕاستییەکان بکەی، ناچارمان دەکەی ئەشکەنجەت بدەین. بەڕێز ماسیۆ، ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان نیشانی تاوانبار بدە.

(پاسەوانەکان ژان بەرەو لای مێزێک دەبەن کە کەرەستەکانی

ئەشکەنجەی لەسەر چندراوە)

**مانشێن:**

– ژان! داوات لێ دەکەم، لێت دەپاڕێمەوە، وەڵام بدەوە؟

**لۆفەڤێر:**

– تکایە خۆ بەدەستەوە بدە!

**دستیوە:**

– کچێ تۆ بۆ ناتەوێ دەست هەڵبگری؟

**لافونتێن:**

– تۆ هاوکاریی کەس ناکەی.

**شاتیۆن:**

– ژان! ئەشکەنجەگەران ئامادەن بۆ ڕزگاربوونی هەمیشەییی ڕۆحت، ڕاستییەکانت بەزۆر پێ دەربخەن.

(ژان لە هۆش خۆ دەچێ و دەبوورێتەوە، دیسانەوە دەیهێننەوە بەردەمی مەحکەمە)

**ژان:**

– ئەگەر ئێسکەکانیشم بەو ئامرازانە وردوخاش بکەن وردە وردە گیانم لەم لەشە لاوازەم دەربکێشن، بێجگە لەوەی کە تا ئێستا گوتوومە، شتێکی تر ناڵێم، ئەگەر هاتیش لەژێر ئەشکەنجەدا شتێکی ترم گوت، ئەوە دواتر هەر زوو وەدرۆی دەخەمەوە.

**ماسیۆ** (بەئەسپایی و دەنگی نەوی):

– دەست پێ بکەین...؟

**لافونتێن** (بەدەنگێکی نەوی):

– لێی گەڕێن، با لێی خۆش بین.

**ئەسقەف** (بەدەنگێکی نەوی):

- بەو پێیــە تاوانبــار هەتا ئێســتــا لــە وەڵامـدانـەوەدا کـەللـەڕەقی و جوابەجەنگی لەگەڵ کردووین، ئێمە لەوە دەترسین کە ئەشکەنجەش لەسەری کاریگەریی نەبێت. کەوابوو ئەشکەنجەشی ناکەین. تاوانبار بگەڕێننەوە ژووری زیندان.

(ژان دەبەن)

## پەردەی حەوتەم

یەکشەمە، بەندیخانە. ژان لە دوورەوە گۆرانییەکی وەبەر گوێ دەکەوێ، بەڵام لە ناوەڕۆکەکەی ناگا.

بەندیخانە – ژان بەسەر تەختەکەیەوە ڕاکشاوە. دوو پاسەوانی ئینگلیزی. لە دوورەوە فلووتژەنێک ئاهەنگی "کوشون ئەسقەفی بۆڤە" لێ دەدا.

**ژان:**

– بۆ خەڵک ئەوەندە خۆشحاڵن؟

**پاسەوان:**

– بۆ نابێ خۆشحاڵ بن؟ ئیمڕۆ ڕۆژی پشوودانە!

**ژان:**

– وایە.

## پەردەی هەشتەم

ژان وا هەست دەکا کە ئیتر خەڵک ئەویان لە بیر کردووە. بەڵام لە دەرەوە هەتا دێ و زیاتر لە بازاڕ و مەیخانەکاندا باسی دەکرێ.

مەیخانەی "ڕاوی پێتری پیرۆز"، بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆن. جێگر قەشەی گەنج و هەژارێکی جلشڕ، ژنە لەشفرۆش، پیاوی پۆشتە، خاوەن مەیخانە، ئاهەنگی دەنگی فلووت.

**لگرێن:**

– وادیارە کەسانی ماقووڵ و هەڵکەوتە لێرە دانیشتوون، کامەتان خوێندەواریتان هەیە؟

**جێگری قەشە:**

– چ قەوماوە؟

**لگرێن:**

– ئەمە بەرگەیەک لەو نامەیە کە ژان پێش لە تێکشکاندنی گەمارۆی "ئۆرلێئان" بۆ ئینگلیزییەکانی نووسیوە. نازانم پێت خۆشە بیخوێنییەوە یان نا؟

**جێگری قەشە:**

– بۆ وا تێ دەگەن کە کەواکەم بە پارەی ئینگلیزییەکان کڕیوە؟

(دەست بەخوێندنەوەی نامەکە دەکا):

" بەناوی مریەمی مەسیح! تۆ ئەی پادشای ئینگلیز، ئەتۆش دوکی بەدفورد کە خۆت بە میراتگری تاجی پاشایەتی لە وڵاتی فرەنسا

دەزانی و هەروەها ئێوەش "ویلیام پلکنت سوفولک"، "ژان تالبوت" و "تۆماس لۆرد ئیسگالز" کە خۆتان بەئەفسەرەکانی دوکی بەدفورد دەزانن! کلیلی هەموو دەروازەکانی شارەکانی فرەنسا کە بەزۆر و زۆرداری لە خەڵکتان دزیوە، بگەڕێننەوە و گەردنی خۆتان لە پادشای فرەنسا ئازاد بکەن.

ژان لەلایەن خواوە هاتووە، ئەو ئامادەیە هەر کاتێک خاکی فرەنساتان بەجێ هێشت و غەرامەتی شەڕتان گەڕاندەوە، لەگەڵتان ئاشتی بکا.

ئێوەش تیرهاوێژەکان، سەربازەکان و ئەی ئەوانەی وا لە بەرانبەر شاری "ئورلێئان"دا سەنگەرتان گرتووە! ناوی خوای لێ بێنن و بگەڕێنەوە ولاتی خۆتان. ئەگەر وا نەکەن ئەوە دەبێ چاوەڕێی ژان بن کە بە ئاگر، دەرد و بەڵایەکی گەورەوە دێتە گیانتان.

**ژنە لەشفرۆش:**

– جوانی نووسیوە.

جێگری قەشە درێژە بەخوێندنەوەی نامەکە دەدا:

پادشای ئینگلیز! من لە هەر جێگەیەکی خاکی فرەنسا سەربازەکانت ببینم، چ پێیان خۆش بێ یان پێیان ناخۆش بێ وەدەریان دەنێم. ئەگەر بە خۆشیی خۆیان نەڕۆیشتن، ئەوە دەکوژرێن. لە هەر جێگەیەک بتانبینین پەلامارتان دەدەین و بەدەنگێکی وا بەرز بەسەرتاندا دەگورێنین کە هەتا ئێستا لە وێنەی ئەو دەنگە لە خاکی فرەنسا نەبیسترابێت"

لەم ڕۆژەدا نووسرا: سێشەمە حەفتەی پیرۆز.

**ژان:**

– ژان تێکشکانی بۆ نییە

سەربازێکی ئینگلیزی (دێتە ژوورەوە و داوای شەراب دەکا):

- شەوباش، نەختێک شەراب.

**جێگری قەشە:**

- سڵاو لە عیسای مەزن

**جوتیار** (لەوپەڕی سەرخۆشیدا دەچێتە لای سەربازی ئینگلیزی و لە بەردەمیدا سینگی هەڵدەمسێنێ):

- ئەگەر تۆ یەکێکی لە نۆکەرەکانی دوک بەدفورد کەوایە باش گوێ بگرە: دوکی بەدفورد کابرایەکی سەرخۆشە.

**پیاوی پۆشتە** (ڕوو لە ژنە لەشفرۆش):

- وەرە با بڕۆین "بلانش"

(مەیخانەکە بەجێ دێڵن)

**جووتیار:**

- دوک هەر شەو هەتا بەیانی هەر خەریکی شەراب خواردنەوەیە. تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکاتەوە هەر ئەوەیە، کە چۆن چۆنی زەکاتی زیاترمان لێ وەربگرێ و بمانڕووتێنێتەوە و ئەوجار لەبن لاقانیدا بەجارێک بمانتلیسێنێتەوە.

(سەربازی ئینگلیزی سووکە ئاوڕێک بۆ دواوە دەداتەوە و دەچێتە دەرێ. دەنگی قاقای پێکەنین)

**جێگری قەشە:**

- ئەو نامەیە بدە بەمن.

## پەردەی نۆیەم

لە نوێژخانەی قەبرستانی "سێن ئوئێن" ژان ترسی سووتاندنی لەنێو ئاگردا وەبەر دەنرێ. لە حاڵێکدا ناهومێدی و هەستی خۆبەدەستەوەدان بەسەر ژاندا زاڵ بووە لە مێژووی ٢٤ی مانگی مایی ١٤٣١ تۆبەنامە ئیمزا دەکا.

نوێژخانەی گۆڕستانی "سێن ئوئێن". لافونتێن، ژان دێننە ژوورێ. پاسەوانەکان و ئەفسەرێکی ئینگلیزی. لە کاتی هێنانە ژووری ژاندا دەنگی ناقۆسەکان و هەرا و بەزمی خەڵکی دەبیسترێ.

**لافونتێن:**

– ژان! تۆ لە نوێژخانەی گۆڕستانی "سێن ئوئێن"ی. خوشکی ئازیز بەخۆتدا وەرەوە. کوورەی ئاگرت لە دەرەوە بۆ نێڵ دراوە.

**ژان** (بە حاستەم دەنگی دەبیسترێ):

– میشێلی پیرۆز!

**لافونتێن** (دەچێتە لای):

– قسەکەم لێ وەربگرە ژان! هێشتا بۆ ڕزگارکردنت درەنگ نەبووە.

(ئەسقەف، گیوم ئیرارد، ماسیۆ، پۆپێر و برا ڕائول دێنە ژوورێ. بۆ جارێکی تر هەرا و بەزمی خەڵکی و دەنگی ناقۆسەکان بەرز دەبێتەوە)

**ئەسقەف:**

– مامۆستا ئیرارد، لەوەی کە سەفەرەکەت وەدواخست زۆر سوپاست دەکەم. گۆیا جەنابت گوتووتە کە دوێنێ بیروڕایەکی باشترت لەسەر ژان هەبووە؟

**ئیرارد:**

– خوای مەزن بە گەورەییی خۆی یارمەتیمان دەدا. دیارە بارودۆخی جەستەییی ژان باش نییە و هەروەها سەری قسە و بنی قسەی ئەوەیە کە ئاخۆ خەڵک چ دژکردەوەیەک لە بەرانبەر مەحکەمەکەیدا ئەنجام دەدەن؟ ئاخۆ هاودەردی لەگەڵ دەکەن یان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و بێلایەن ڕادەوەستن؟

هەوڵی پارتیزانەکان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵی بێ ئاکام ماوەتەوە. بەتایبەتی سەبارەت بەوە کە ئیتر دەنگە غەیبییەکان نابیسێ زۆر هەست بە هیوابڕاوی و تەریکخراوەیی دەکا. ئاخۆ پێیان ڕاگەیاندووە کە ئیمڕۆ...

**لافونتێن:**

– سەعات پێنجی بەیانی وەخەبەر هات.

**ماسیۆ:**

– ئەمەش سێ حوکم. ئەمەیان بڕیاری سزادانیەتی ئەگەر هاتوو تۆبەی کرد.

(حوکمەکە دەداتە پێشەوا و ئەویش دەیداتە دەستی برا ڕائول)

– ئەمەش حوکمی سزادانیەتی ئەگەر تۆبە نەکا.

(ئەسقەف حوکمەکە وەردەگرێ)

– ئەمەشیان ناوەڕۆکی تۆبەنامەکەیە.

(کاغەزەکە بە ئیرارد دەدرێ)

– فەرمانی بدەیە با تۆبەنامەکە ئیمزا بکا. هەتا ئەم سزایەی (ئاماژە بەبڕیارەکە دەکا) لەسەر جێبەجێ نەکرێ.

**ئەسقەف:**

– مامۆستا ئیرارد، بەڕێز ماسیۆ!

**ئیرارد:**

– هەموو شتێک کۆتایی هات، خوشکی ئازیز! پادشاکەی تۆ لە لادەرێک بەولاوە هیچی تر نەبوو. سەرەڕای ئەمەش هەروەک بۆ خۆتیش باش دەزانی تۆی لە بیر کردووە. ئەمە مامۆستاکان سەلماندوویانە. ئەوە ئەوانن کە هەموو شتێک دەزانن، نەک تۆ. هەر ئێستا دەتوانی جلە پیاوانەکەت لەبەر دەربێنی. تاقە سوارێک چییە بەهاناتەوە نەهات. دەنگە غەیبییەکانیش فریویان دای و ئیتر جارێکی تر ناگەڕێنەوە لات. ئەرێ وایە یان نا؟ ئاخۆ دەنگە غەیبییەکان ئیمڕۆ هاتن یان دوێنێ هاتن؟

**ژان:**

– نا، دوێنێش نا.

**ئیرارد:**

– ئەدی پێرێ، ڕۆڵەکەم؟

**ژان:**

– نا.

**ئیرارد:**

– بۆ خۆتیش دەزانی کە بەجێیان هێشتووی. گڕ و بڵێسەی ئاگری دارەکان بەرز بووەتەوە و حوکمەکەش هەر ئێستا لە دەستمدایە. ئەگەر تۆبەنامەکە ئیمزا بکەی، ئەوە لە بەندیخانە ڕزگارت دەبێ.

**ژان** (بە دەم گریانەوە):

– من هیچ تاوانێکم نەکردووە.

**ئیرارد:**

– ئەگەر تۆبە نەکەی لەنێو بڵێسەی ئاگردا دەسووتێی.

(به ئاماژەکردنێک دەرکە ئاواڵە دەکرێ و دەنگی ناقۆسەکان و خەڵکی دەبیسترێ)

– ئاخۆ پێت باشتر نییە لەلای دایک و کڵێسەکەت بمێنییەوە؟ لە کتێباندا هاتووە: "لقە دارێک توانای ڕاگرتنی قورسایی مێوەکانی نابێت، ئەگەر پشتی بەخودی دارەکەوە قایم نەبێت"

(ژان بێدەنگە)

**ئیرارد:**

– لەگەڵ تۆمە!

(بەئاماژەکردنی ماسیۆ دەرکەکە دەبەسترێ)

**ماسیۆ:**

– ببوورن، ئەگەر هەڵە نەبم، گۆیا وتی ئیمزای دەکەم.

**پۆپێر:**

– نا خوشکی ئازیز، تۆ دەبێ هەر ئێستا ئیمزای بکەی!

**ژان:**

– ناتوانم هەستم

**پۆپێر:**

– من یارمەتیت دەدەم.

**شاتیۆن:**

– باشە، ئێرە ئیمزا بکە!

**ژان:**

– ناتوانم بنووسم.

**لافونتێن:**

– من دەستت دەگرم.

**شاتیۆن:**

– ده زووکه، ئیمزای بکه!

**ژان:**

– من دەبێ بیری لێ بکەمەوە.

**پۆپێر:**

– جەلاد لە دەرەوە چاوەڕوانە و کڵپەی ئاگریش گڕی ئەستاندووە.

**لافونتێن:**

– ئیمزای بکە، ئیمزای بکە.

**ژان:**

– من نەخۆشم.

**لافونتێن:**

– زووکە ژان!

**شاتیۆن:**

– دەبێ هەر ئێستا ئیمزای بکەی!

**ژان:**

– کوێ؟ من هیچ نابینم.

(لافونتێن یارمەتیی دەدا، دەستی ژان دەگرێ و ئەویش ئیمزای دەکا)

**ژان:**

– بۆیە ئیمزای دەکەم کە بمسووتێنن.

**ئەسقەف:**

– کچم! ئیمرۆ ڕۆژێکی گەورەیە لە ژیانتدا. جەستە و ڕۆحت ڕزگار بوو.

(بە ئاماژەکردن بە برا ڕائول)

– حوکمەکە بدە بە من

**پۆپێر:**

– ڕۆڵەی خۆم، دەنگە غەیبییەکان فریویان دابووی.

**ژان:**

– وایە وابزانم، فریویان داوم.

**ئەسقەف:**

– جلی ژنان لەبەری زیندانی بکەن.

(دوو ژنە ڕۆحانی بەپەردەیەکی گەورەوە دێنە ژووریٚ. ژان لە کاتێکدا هەموو لەشی دەلەرزیٚ، جلی ژنانی لەبەر دەکەن.)

**ئەسقەف:**

– برا ڕائول! پەیامێک بۆ گەورەمان بنێرە کە تۆبەی کردووە.

(حوکمەکە بەپەلە دەخوێنێتەوە):

ئەتۆ ئەی ژان کە ئامۆژگارییە یەک لە دوای یەکەکانی ئێمەت پەسند کرد و ئێستا بە ویستی خۆت تۆبەت کردووە و تۆبەکەشت بە ئاشکرا ڕاگەیاند. بەم هۆیەوە لە ئیمڕۆ بەدواوە ئەتۆ دەبیتە جێگەی پەسندیی کلێسە. بەڵام لەو سۆنگەوە کە بە هێندێک گوناحی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ کلێسەدا تاوانبار دەرچووی، سزاکەت بەم شێوەیە دەبیٚ کە هەتا دوا ساتەکانی ژیانت دەبیٚ لە بەندیخانەدا بمێنییەوە، خواردنت غەم و شەرابت فرمێسک بێت. سەرەڕای ئەمە ئێمە لە دەرد و غەمەکانتدا بەشداری دەکەین، بەڵام ئەمە دوا بڕیاری مەحکەمەیە و ئاڵوگۆڕی تێدا ناکریٚ.

(چاودێری ئینگلیزی و ئەفسەرەکەی دێنە ژووریٚ)

**چاودێری ئینگلیزی:**

– هەی لەعنەتت لێ بێت. ئەم جادووگەرە هەر ئێستا دەبێ لەنێو ئاگردا بسووتێندرێ.

**ئەفسەر:**

– لێرە چ باسە؟

**ئەسقەف:**

– ژان تۆبەی کردووە.

**ئەفسەر:**

– ئەمە خیانەتێکی گەورەیە.

**ئەسقەف:**

– سووکایەتیم پێ کرا، داوای گەڕانەوەی شەرەف دەکەم.

**ئەفسەر:**

– ئێوە لێ دەگەڕێن، ئەم کچە هەروا بڕوا!

**ئەسقەف:**

– درۆیە.

**ئەفسەر:**

– ئەم کچە هەر ئێستا دەبێ لەدار بدرێ!.

**ئەسقەف:**

– ئەوە منم دەتوانم ئەو بڕیارە بدەم.

**چاودێری ئینگلیزی:**

– نا.

(لەگەڵ ئەفسەرەکە دەچنە دەرێ)

**ماسیۆ:**

– بۆ کوێی بەرن؟

**ئەسقەف:**

– بۆ ئەو شوێنەی پێشتر لێی بووە.

(دەچێتە دەرێ)

**ژان:**

– بەڵام ئێوە بەڵێنتان دابوو، کە ئازادم بکەن.

**پاسەوان:**

– بەم ڕێگەیەدا بڕۆ و قسان مەکە، کورتەبالا. چەندە جوانتر بووی.
ئەم جلانەت لێ دێت.

## پەردەی دەیەم

لە گۆڕستانی سێن ئوئێن، جەماوەری کۆوەبوو لە تۆبەکردنی ژان ئاگەدار دەبن

بازاڕی "ڕووان"، حەشیمەتی چاوەڕوان، سەربازە ئینگلیزییەکان

**کەمئەندامی شەڕ:**

– ئەرێ ئیمرۆ دیسووتێنن یان نا؟

(سەربازی ئینگلیزی بەنیشانەی بێ ئاگابوون شانی هەڵدەتەکێنێ)

**سەربازی دووەم:**

– ئەمانە چەندە درێژەی پێ دەدەن. وادیارە دەبێ نانی شەوێش هەر لێرە بخۆین.

**سەربازی دووەم:**

– هەی خوا غەزەبیان لێ بگرێ.

**ژنخوشک:**

– ئێوە ناتوانن ئەو بەچۆکدا بێنن! ئەو خۆی بەدەستەوە نادا.

**کچێکی چکۆڵە:**

– بۆ ناقۆسەکان بێدەنگ بوون؟

**ژنە جووتیار:**

– نازانم.

**سەربازی یەکەم:**

– نرخی خواردن لە مەیخانەی "شێری سوور" گرانترە. بەڵام لە "ڕاوی

پێتری پیرۆز"یش سیر لە چێشتی دەکەن.

**سەربازی دووەم:**

– بۆیە سیر لە چێشتی دەکەن چونکە ئێمەیان خۆش ناوێت.

(سەربازی ئینگلیزی سێیەم دەگەڵیان دەکەوێ و شتێکیان پێ دەڵێ. ئەوانیش پێ دەکەنن)

**ژنخوشک:**

– ئەم سەربازانە بە چی پێ دەکەنن؟

(سەربازەکان بە دەم پێکەنینەوە دەڕۆن)

**ژنە لەشفرۆش:**

– هێنری چ باسە؟

**سەربازی یەکەم:**

– هەمووتان دەتوانن بچنەوە ماڵە خۆتان. کەنیشکەکەتان تۆبەی کردووە.

**سەربازی دووەم:**

– بەڵێ بەڕاستی هەر بە ژن دەرچوو!

**لگرێن:**

– ئەمە فێڵ و تەڵەکەبازییەکی نوێیە.

**ژنە لەشفرۆش:**

– هەموو شتێک تەواو بوو، ناقوسەکان بێدەنگ بوون.

**ژنخوشک:**

– یانێ پاش هەموو ئەم بگرە و بەردەیە نایسووتێنن؟

**کوڕ:**

– ژان ناتوانێ تۆبە لە ڕاستییەکان بکا. ئەو چۆن دەتوانێ ئێمە بفرۆشێ؟

**کەمئەندامی شەڕ:**

– حەقی هەبوو تۆبە بکا.

**خاوەن مەیخانە:**

– بەڵێ حەقی هەبوو گیانی خۆی بپارێزێ.

**ژنە جووتیار:**

– ئاخۆ هەموو شتێک تەواو بوو؟

**بازرگانی شەرابفرۆش:**

– ئەها، ئەها، ئەوەتانێ، خۆیەتی، کەنیشکەکەیە.

(کوڕەکە پاڵی پێوە دەنێ)

**ژنە ماسیفرۆش:**

– چ بەڵایەکیان بەسەر کچۆڵە بەدبەختەکە هێناوە.

## پەردەی یازدەم

### لە مەیخانەی "ڕاوی پێتری پیرۆز" بیروڕاکان جیاوازن

مەیخانەی "ڕاوی پێتری پیرۆز"، خاوەن مەیخانە، ژنە ماسیفرۆش، پیاوی پۆشتە و ژنە لەشفرۆش.

**پیاوی پۆشتە:**

– من لایەنگری لە ئینگلیزییەکان ناکەم. تەنیا دەڵێم دروست نییە گوێز بە پتک بشکێندرێ. پینەچی و وردەواڵەفرۆشەکان نوقمی هەستی نیشتمانپەروەرین. ئەمە باشە. بەڵام ئاخۆ ئەم کارانە بە کوێ دەگەن؟ بێجگە لەمەش من جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سەربازخانە و میوانخانەدا نابینم. ئینگلیزییەکان زۆر بێ حەیان و کولتوورێکی دروست و حیسابییان نییە. لەگەڵ خەڵکی بەشێوەیەکی وا ناحەز کە بۆ لێبووردن نابێ، هەڵسوکەوت دەکەن. من لەسەر ئەوە بەتەواوی لەگەڵتان هاودەنگم، بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئەوان هەرچی بن بەرپرسی پاراستنی ڕێسا و یاسان لەم وڵاتەدا.

**ژنە لەشفرۆش** (ڕوو لە ژنە ماسیفرۆش):

– باسی یاسا و ڕێسا دەکا. ئەمنیش زۆرم پێ باشە، بەڵام بۆ خۆی حەوتوویەکە پارەکەی منی نەداوە.

**ژنە ماسیفرۆش (**لە کاتێکدا ژنە لەشفرۆش هێور دەکاتەوە):

– بیبڕەوە بلانش!

**پیاوی پۆشتە:**

– ئێمە دەبێ هێمن و لەسەرەخۆ بین. من دەڵێم با هەموو شتێک لە

جێگە و ڕێگەی خۆی بێت. نابێ داوا لە قەساب بکەین کە چێشتمان بۆ لێ نێت.

**ژنە لەشفرۆش:**

– تۆ جارێک پارەکەی من بدە!

**لگرێن** (وەژوور دەکەوێ):

– بەڕێز فەرانسۆ مزگێنی! بەندەر قەرەباڵغ بووە. حەماڵەکان سەرپێچی لەوە دەکەن کە دوو دانە تۆپی تایبەتی قەلاّ ڕووخێنەر لە پاپۆڕی "گلاریۆس" دابەزێنن. دوکی بەدفورد پاسەوانەکانی ناردووەتە بەندەر، بەڵام کرێکارەکان هەروا مل نادەن و لە سەرپێچی بەردەوامن.

**خاوەن مەیخانە:**

– پێم وایە باشترە مەیخانەکەم دابخەم. هەر ماوەیەک لەمەوبەر بوو ئێرەیان تێکوپێک دا.

**ژنە ماسیفرۆش** (بە پێکەنینەوە):

– تۆ بڵێی ئێستا ئەسقەف چ بکا؟

**پیاوی پۆشتە:**

– خاتوون! چۆن دەتوانی پێ بکەنی؟ من کە بەتەواوی بێزارم. ئەم شارە دەبێ بەتەواوەتی لە تەشەر و جنێودان، لە سرت و خورت و لێ مۆڕبوونەوە خاوێن بکرێتەوە. دەزانم ئاخرەکەی وای لێ دێ کە پیاوێکی ماقووڵ نەتوانێ لەم شارە بژی.

**ژنە لەشفرۆش:**

– بەتایبەتی ئەو کاتە کە جلشۆرەکەت کرێیەکەی وەرنەگرتووە.

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەمەش شۆڕش! ئەو شتەی کە لەمێژە دەتانویست.

**ژنە لەشفرۆش:**

– دەتەوێ بڵێی پارەکەم نادەی؟

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەمانە تەنیا بیر لە ڕووتاندنەوەی من دەکەن.

**خاوەن مەیخانە:**

– دە بێژە.

**ژنە لەشفرۆش:**

– تۆ پێت وایە چیت؟ پێت وایە لەگەڵ تۆ خەوتن و شەو و ڕۆژ گوێگرتن لە فشە و قۆڕیاتەکانت بەختەوەری بۆ من دێنێ؟ پارەکە بدە و لێدە بڕۆ. "کچۆڵەی گوندی"! پێت وایە ئەم ناوبانگە منی بەکوێ گەیاندووە؟ تەنیا ئەوە نەبێ، قەحبەیەکی بەندەری لێ دروست کردووم. ئەگەر دەتەوێ ڕاببوێری دەبێ پارە بدەی پارە.

**پیاوی پۆشتە:**

– ئەگەر نەمبێت چی؟

**ژنە لەشفرۆش:**

– کڵاوەکەی سەرت بدڕێنە و پەڕەکانی بفرۆشە، هەی کابرای بێ ئابڕوو!.

**پیاوی پۆشتە:**

– ئای کە بێزارم لە دەستی ئێوەی پۆخڵەوات و کەنیشکەکەشتان. تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوون لە دەست ئێوە ئەوەیە کە لە ریشەتان دەربێنن، لە بنەوە بتانسووتێنن، شەلاڵی خوێنتان بکەن، لە دارتان بدەن و لەژێر پێلاقاندا بتانپڵیشێننەوە و بەو جۆرە شەڕتان لە کۆڵ بکەنەوە.

(ژنه لەشفرۆش شەقازلەیەکی لێ دەدا و ئەویش دەچێتە دەرێ)

**ژنه ماسیفرۆش:**

– نەدەبوا ئەم کارەت لەگەڵ کردبا . لەمەوبەدوا لە هەموو مەیخانەکاندا ریسوات دەکات.

**ژنه لەشفرۆش:**

– لێم گەڕێ، وەڕەزی کردووم و گیانی گەیاندووەتە کونە لووتم.

**خاوەن مەیخانە:**

– مادموازێل تۆ بەتەنیا نیت، زۆری تریشی وەڕەز لە گیان کردووە.

## پەردەی دوازدەم

شۆڕش لە "ڕووان"- ئەسقەفی بۆڤە چەند هەواڵێکی ناخۆشی پێ دەگا

ماڵی ئەسقەف. ئەسقەف خەریکی خواردنی نانی شەوێیە. ماسیۆ

**ئەسقەف:**

- ئەم ئینگلیزییە کەرمێشکانە هیچیان لە بەرچاو نییە، بەو هەموو خزمەتەی من بەوانم کردووە، نازانن. وادیارە هێشتا سایکۆلۆجیی فرەنساییەکان ناناسن.

**ماسیۆ:**

- لە سێبەری لێوەشاوەیی جەنابتدا، دوژمنێکی گەورەیان لە کۆڵ بووەوە، دیارە کڵێسەش شەهیدێکی لەدەست دا.

**برا ڕائول** (لە هاتنە ژووردا):

- ڕێزداری گەورە! لە شاردا شۆڕش هەڵگیرساوە. خەڵکی لە بەندەر کۆبوونەتەوە و هەر ئێستا دەستەویەخە لەگەڵ مەلەوانە ئینگلیزییەکاندا شەڕ دەکەن. هێرش کراوەتە سەر زۆربەی ناوەندە پاسەوانییەکان. ئینگلیزییەکان داوا دەکەن کە جەنابت دڵی خەڵکەکە بێنییەوە و بارودۆخەکە هێور بکەیەوە.

**ئەسقەف:**

- من تاقەتی لاتولووتی نێو شەقامەکانم نییە. ئینگلیزییەکان با بۆ خۆیان هێزی زۆرتر بنێرنە یارمەتیی پاسەوانەکانیان.

**برا ڕائول:**

– ڕێزداری گەورە! ئەوان خەتایەکەیان خستووەتە ئەستۆی ئێمە و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی مەحکەمەکە. دوک بەدفورد لە تووڕەییدا نەخۆش کەوتووە.

**ئەسقەف:**

– دوکی بەدفورد دوکتۆری زۆری لا هەیە. بێجگە لەمەش ئەو بۆ خۆی لەمێژە نەخۆشی جگەری هەیە. ئەم شتانە هەموو دەگەڕێنەوە بۆ خودی خۆی. شتێکی ترت بۆ گوتن ماوە؟

**برا ڕائول:**

– بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ئینگلیزییەکانەوە هاتووە؛ گۆیا ژان ئیمڕۆ بەیانی دیسان جلی پیاوانی لەبەر کردووە.

**ماسیۆ:**

– ڕەنگە لە ڕاپەڕینی خەڵکی شار بەلایەنگری لە خۆی، ئاگەدار بووبێت.

**ئەسقەف** (دۆش دادەمێنێ، دەسترۆکەکەی سەر سینگی لەسەر مێزەکە دادەنێ):

– ئاو

(برا ڕائول دۆلکەی دەستشوشتنی بۆ دەباتە پێشێ)

## پەردەی سێزدەم

بەندیخانەی قەڵای کێڵگەکان. ژان هاواری خەڵکی بیستووە و دەست بەخەبات دەکاتەوە.

بەندیخانە – ژان (لە جلی پیاواندا)، ئەسقەفی "بۆڤە" و لافونتێن دێنە ژووریَ

**ئەسقەف:**

– ئەوە دیسان جلی پیاوانت لەبەر کرد؟

**لافونتێن:**

– بۆ ئەم بەدبەختییەت بەسەر هێناین؟ خوشکی ئازیز، ئیتر زۆر درەنگە بۆ ڕزگارکردنت. تۆ بەڵێنی خۆت شکاند و گەڕایەوە سەر قسەی پێشووت، ئیتر تۆ بۆ هەمیشە لە کیس چووی.

**ژان:**

– من هیچ بەڵێنێکم پێ نەدابوون و پەیمانێکم لەگەڵ نەبەستبوون.

**ئەسقەف:**

– ئاخۆ دیسان دەنگە غەیبییەکانت گویَ لیَ بووە؟

**ژان:**

– بەڵێ.

**ئەسقەف:**

– کە ئەوانیش پێیان وتی...

**ژان:**

– کە باوەڕی خۆم بەئێوە فرۆشتووە.

**ئەسقەف:**

– بەڵام تۆ بەئاشکرا تۆبەت کردبوو.

**ژان:**

– بەڵێ، چونکە نەمدەزانی تۆبەی ئاشکرا چییە؟ من تەنیا لە ترسی ئاگر تۆبەم کرد. لە شەڕدا قەت لە ئاگر نەدەترسام چونکە هەڤاڵانم لەگەڵدا بوون. دواتر گومانم لە خەڵک پەیدا کرد وام دەزانی مان و نەمانم بۆ ئەوان گرینگ نییە و وەک هەمیشە لە بیری مەیخواردنەوە و مەیخانەکاندان. بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەوان لەو ماوەیەدا ئاگایان لە هەموو شتێک هەبووە و هەوڵ و تێکۆشانی من بەبێ بەرهەم نەبووە.

**ئەسقەف:**

– واتە تۆ دیسان هەروەک جاران کەللەڕەقی و بەهۆی بادانەوەشت تاوانباری.

**ژان:**

– بەڵێ، هەم.

**ئەسقەف:**

– ژان، تۆ گەڕایەوە سەر گوناحەکانت هەروەک چۆن سەگێک دەگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی. ئیتر کڵێسە لەمە زیاتر ناتوانێ بەرگری لە تۆ بکا. خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ.

(وێڕای لافونتێن دەردەکەون)

## پەردەی چواردەم

### ٣٠ مانگی مای ژان دەسپێردرێتە دەستی جەلاد

ژووری زیندانەکەی ژان، جەلاد لە پشتەوەی مەیدانی شانۆکەوە ڕاوەستاوە، ژنە ڕۆحانییەک، ئەفسەرێکی ئینگلیزی، سەربازە ئینگلیزییەکان، دوو پاسەوان. ماسیۆ دێتە ژوورێ.

**ماسیۆ:**

– ژان! ئەسقەفی "بۆڤە" منی ڕاسپاردووە کە بۆ مردن ئامادەت بکەم.

**ژان:**

– بەڵێ.

**ماسیۆ:**

– لە مردن دەترسێی؟

**ژان:**

– بەڵێ، زۆر دەترسم.

**ماسیۆ:**

– کەوایە، تۆبە دەکەی؟

**ژان:**

– نا.

**ماسیۆ:**

– ژان! ئاخۆ لە دواساتەکانی ژیانتدا دیسان هەر لەسەر ئەو باوەڕەی کە دەنگە غەیبییەکان لەلایەن خواوەندەوە بۆت هاتوون؟

**ژان:**

- بەڵێ.

**ماسیۆ:**

- باشە ژان مەگەر دەنگە غەیبییەکان، بەڵێنیان پێ نەدابووی کە بۆ هەمیشە لە بەندیخانە ڕزگارت دەبێ؟

**ژان:**

- بۆ مەگەر من ئیمڕۆ بۆ هەمیشە ڕزگارم نابێت؟

**ماسیۆ:**

- ژان! مەگەر نەیانگوتبوو کە بەم زووانە ڕزگار دەبی؟

**ژان:**

- ئاخۆ ئیمڕۆ لە ترسی مردن و لە ترسی ئەوەی کە بۆ هەتاهەتایە ژیان لەگەڵ زۆردارەکاندا بەسەر بەرم، ڕزگار نابم؟

(هاتنە سەرەوەی ئەسقەفی "بۆڤە" و هەموو قازییەکان)

**ئەسقەف:**

- ژان! ئیتر هەموو شتێک کۆتاییی پێ هات، قسەیەکی ترت بۆ گوتن هەیە؟

**ژان:**

- بەڵێ، ئەگەر هەر ئێستا دارەکان بسووتێن، گڕی ئاگریش زیاتر کڵپە بگرێ و جەلادیش زیاتر ئاگرەکە تیژتر و بەتینتر بکا، ئەوە بێجگە لەو شتانەی کە هەتا ئێستا گوتوومە، شتێکی ترم بۆ گوتن نییە.

**ئەسقەف:**

- بیبەن بۆ سەر سەکۆی ئاگر!.

(جەلاد دەچێتە پێشێ)

**ماسیۆ:**

– ئەم کارە بەپێچەوانەی ڕێ و ڕەوشتە قوربان! ئێوە دەبێ بەڵگەی قایم و بەهێز بۆ دانی بڕیارێکی وا بخەنە ڕوو.

**ئەسقەف:**

– بیبەن، بیبە!.

(جەلاد ژان دەبا)

## پەردەی پازدەم

لە بازاڕی "ڕووان"دا ژان لەنێو بڵێسەی ئاگردا دەسووتێندرێ

بازاڕی "ڕووان" ئاپۆڕای خەڵک، سەربازە ئینگلیزییەکان

**ژنخوشک:**

– چەندە چکۆڵە دیارە لەنێو پیاواندا.

**ژنە جووتیار:**

– منداڵەکە بەرز بکەوە.

**کوڕ** (ڕوو لە جێگری قەشە):

– پێت وایە دەترسێ؟

**جێگری قەشە:**

– ئێمەین کە دەترسێین نەک ئەو.

**منداڵ:**

– باشە خۆ هێشتا هەوا تاریک نەبووە، وڵات ڕووناکە، ئەی ئەو پیاوە، ئەو مەشخەڵەی بۆ بەدەستەوە گرتووە؟

**ژنە ڕۆحانییەکی پیر:**

کچی بچکۆڵە! ئەو جەلادە، دەیەوێ ئاگر بۆ سووتاندنی جادووگەر هەڵبکا.

**ژنە ماسیفرۆش:**

– چاو لە دوکی بەدفورد بکەن، کە چەندە کەیف خۆشە و پێ دەکەنێ. ئەو دوازدە هەزار پۆندەی کە بۆ بەدیلگرتنی ژان تەرخانی کردبوو، دەگەڕێتەوە گیرفانی.

**کوڕ:**

– کـاردینالّ و دوکـەکـان هەروەک سـەگی ڕەش و سـپی وان، هیچ جـیـاوازییـەکـیـان نـیـیـە هـەروەک چۆنە ئاغـا ئینگلیـزی و فرەنساییەکانیش هەر لە یەک قوماشن.

**ژنە جووتیار:**

– کوڕە کوڕم با زمانت کەمێک ڕاوەستێ.

**سەرباز:**

– ئەوە کێ بوو؟

**ژنە ماسیفرۆش** (قرتاڵەکەی بە ئەنقەست بەردەداتەوە، هەتا سەرنجی پاسەوانەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و کوڕە جوسوتیارەکە دەرفەتی خۆشاردنەوەی هەبێت):

– ئەی هاوار ماسییەکانم، ئەی هاوار ماسییەکانم؟

**جێگری قەشە:**

– ڕاستە، من بۆ خۆم دیتم.

**ژنە لەشفرۆش:**

– هێنری بگەڕێوە!

**ئەسقەفی** "بۆڤە":

– ئێمە سەرکردە ئاینییەکان لە مەڵبەندی "بۆڤە" ئەتۆ بەلادەر لە دین تاوانبار دەزانین. هەر بەهۆی ئەم تاوانەشەوە سزات دەدەین. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆت دەپاڕێینەوە کە پاش مردنت و لەنێوچوونی هەنووکەیی لەشت، خوا لە دنیای هەتاهەتاییدا سزایەکی سووکترت بۆ دیاری بکا.

**سەربازی یەکەم:**

– چەندە درێژی دەکەنەوە. (دەنگی ناقۆسەکانی کڵێسە بەرز دەبنەوە)

**سەربازی دووەم:**

– سـەکۆی داری ئاگرەکـە ئەوەندە بەرزە کـە هـەمـووتان دەیبـیـنن، ئیـتـر ئەو سمڕسمڕ و پاڵپێوەنانەتان لە چییە؟

**ژنە ماسی فرۆش:**

– ئەی بەرازەکـان! لێـژنەی دارەکـانیـان زۆر بەرز هـەڵچنیـوە، بۆ ئەوە کەنیشکەکە زیاتر ئازار ببینێ.

**سەربازی دووەم:**

– مەهێڵن خەڵکەکە ئەوەندە نێزیک ببنەوە!

**سەربازی یەکەم:**

– جا تۆ بەو نێزە درێژەتەوە لە چی دەترسێی. لێ گـەڕێ با زیاتر چڕە دووکەڵ بە سـەروچاویاندا بڕوا.

**ژنە لەشفرۆش:**

– ئێستا! (سروودی سلاو لە مریەم دەخوێندرێ)

**سەربازی دووەم:**

– ئیـتـر تـەواو بوو بگـەڕێنەوە مـاڵە خـۆتان. بۆ واق وڕمـاون، ئەو لە سووتان زیاتر شتێکی تری لە دەست نایە.

**جووتیار** (ڕوو لە ژنەکەی):

– مەگری، ئێستا ئیتر هەست بە ژان ناکا.

**ژنە لەشفرۆش:**

– هێشتا دەناڵێنێ.

**سەربازی دووەم:**

– هـەتا هـەناسـەی تێدا بێ هـەر هـاوار دەکا.

**ژنخوشک:**

– ئیتر بێدەنگ بوو.

## پەردەی شازدەم

پێنج ساڵ دواتر، ئازادی و یەکگرتنەوەی هەموو خاکی فرەنسا بەراپەڕینی خەڵکی پاریس وەدیهات. لەو ماوەیەدا هێمای ئەفسووناویی ژاندارکی بچکۆڵە پێ بەپێی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی هەنگاوی دەنا و خەڵکی بۆ سەرهەڵدان ئامادە دەکرد.

گوندێک لە ناوچەی "توورس". ژاک لگرێن خەریکی چەکوشکاری تەنەکە شەرابێکە. باپیرە گەورە بروئێل دەستی منداڵێکی گرتووە و لە ڕێگەی گوندێکی جیرانەوە، نێزیکی ژاک دەبێت.

**لگرێن:**

– ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک، بەدوای یەکتردا هاتن، باپیرە گەورە.

**بروئیل:**

– پیاوێک کە بەمەبەستی چوونە "ڕووان" لێرەوە ڕۆیشت و سەری لە پاریس دەرهێنا. بەڵێ! ئەرێ ئینگلیزییەکان ئێستاش هەر لەوێ ماون؟

**لگرێن:**

– نا ئیدی، باپیرە گەورە، نا ئیدی.

**بروئیل:**

– یانێ ئیتر لەوێ نەماون.

**لگرێن:**

– بەڵێ وایە. کاسبکاران، گوندییەکان، بەرگدوورەکان، دەباغەکان و

ژنە سەوزەفرۆشەکان وەدەریان نان.

**برویل:**

– وابزانم کەسانێکی وەک ژاک لگرێن هێشتا لە کومپەین مابن.

**لگرێن:**

– نە لەوێن، نە لە "ڕایم" و نە لە "شالۆن"، دەبێ لە "کالە" و "بوردۆ" بن. ئەویش نە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

**برویل** (ڕوو لە منداڵەکە):

– بیستت، فرەنسا جارێکی تر بووەتەوە ماڵی فرەنساییەکان.

**منداڵ:**

– بەڕێز لگرێن تۆ دیتت؟

**لگرێن:**

– من سووتاندنەکەیم دی، "پییەر"!

**برویل:**

– ئەو ڕێبەری فرەنسا بوو.

**لگرێن:**

– بەڵێ، ئەڵبەت فرەنساش ئەوی ڕێبەری کرد.

**برویل:**

– من لەو باوەڕەدا بووم کە دەنگە غەیبییەکان ڕێبەرییان دەکرد و ڕێ پێشاندەری بوون.

**لگرێن:**

– بەڵێ، دەنگەکانی ئێمە.

**برویل:**

– مەبەستت چییە؟

**لگرێن:**

- دەکرێ بەم شێوەیە بەسەرهاتەکە کورت بکەینەوە. ڕاستە ئەو لە دەسپێکدا خەڵکی لە دژی دوژمن ڕێبەری کرد، دوایەش بەدیل گیرا. کاتێک لە قەڵای "ڕووان" کۆت و زنجیر کرا و هیچ دەنگێکی لە ئێمەوە نەبیست، ئەویش هەروەک من و تۆ ورەی ڕووخا و تەنانەت تۆبەشی کرد. کە خەڵکی ئاسایی "ڕووان" زانییان تۆبەی کردووە، زۆر لێی توورە بوون و ڕژانە نێو بەندەر و ئینگلیزییەکانیان دارکاری کرد. ژان ئەم هەواڵەی بیست کەسیش نازانێ چۆن و لە کوێ. جارێکی تر ورەی بەزیوی بەرز بووەوە و بەو ئاکامە گەیشت کە مەحکەمەش بۆ خۆی دەتوانێ ببێتە سەنگەرێکی گەورەی خەبات هەروەک سەنگەرەکانی شەڕی بەرانبەر بە شاری "ئورلێئان". کەوابوو ئەو گەورەترین تێکشکانەکەی خۆی کرد بەمەزنترین سەرکەوتنی ئێمە. ئەو کاتەی لەنێو ئاگردا دوا هەناسەکانی هەڵدەکێشا، هەر ئەو دەم هاوارەکانی گەیشتە گوێی ئێمەش.

**بروئیل:**

- کەوایە شەڕ هێشتا کۆتاییی پێ نەهاتووە.

**منداڵ:**

- ئەرێ باپیرە گەورە! بڵێی ئینگلیزییەکان جارێکی تر بگەڕێنەوە؟

**بروئیل:**

- نازانم. ئەرێ ئەمساڵ شەرابی ئەم دەوروبەرەی ئێوە چۆنە؟

**لگرێن:**

- ساڵی ڕابردوو من لێرە نەبووم. بەڵام کچەکان دەڵێن، ترێی ئەمساڵ هەروەک ترێی ساڵی بیست و هەشت شیرینە.

(دەنگی گۆرانیی کچە ترێ چنەکان دەبیسترێ)

**کچەکان:**

*کەنیشکەکەمان هەتا نیوە ساڵێک*

*لە بەرانبەر مەحکەمەدا وەستا*

*هەتا مانگی مای هەموو فرەنساییەکان چاوەڕوان بوون*

*ئەوانەی ژان هیوای پێ بوون*

*گوێیان لێ شل نەکرد*

*ئەو کاتەی بەرەو لای کۆگای*

*دارەکانیان برد*

*کاتێک مەشخەڵەکان هاواریان کرد*

*ئەو کاتەی وا با*

*بە توندی هەڵی کرد*

**ژان هاواری کرد:**

فرەنساییەکان، ئەی فرەنساییەکان

ڕاپەڕن

شەڕ بکەن بۆ فرەنسا

شەڕ بکەن بۆ خاکی کێڵگەکانتان

**لگرێن:**

– ئەم سرووده هەردوو بەشەکەی فرەنسا دەیخوێنن. هەم فرەنسای ئێمە و هەم فرەنسای ئەوان.

## پاشکۆ

ئەم شیعرەی بێرتوڵت برێخت، دوای زیاتر لە نیوە سەدە ئێستاش دەتوانێ لە ڕۆژەڤی "کورد"دا بێت

ساناترین شت فێر بە! هەر ئێستا فێر بە،
چونکە ئێستا وەختییەتی
قەت، قەت، درەنگ نەبووە!
...
ئەلفوبێکەت فێر بە،
هێشتا درەنگ نییە، فێری بە!
هیچ شتێک ناتوانێ ببێتە کۆسپ لە ڕێگەتدا،
هەر ئێستا دەست پێ بکە
هەموو شتێک دەبێ تۆ بیزانی
تۆ دەبێ ڕێبەری و دەسەڵات بەدەستەوە بگری
...
فێر بە ئەتۆ کە بێکاری!
فێر بە ئەتۆ کە بەند کراوی!
فێر بە، ئەتۆ کە کابانی ماڵی!
فێر بە، ئەتۆ کە شێست ساڵی!
تۆ دەبێ ڕێبەری و دەسەڵات بەدەستەوە بگری

خێراکە ڕاکە بۆ فێرگە، ئەتۆ کە بێماڵی
...
زیاتر فێر بە، تۆ کە لە سەرمادا ڕەق هەڵگەڕاوی!
ئەتۆ کە برسیت، بخوێنەوە و زیاتر بزانە:
زانین چەکێکە!
تۆ دەبێ ڕێبەری و دەسەڵات بەدەستەوە بگری
...
لە پرسیارکردن قەت مەترسە، ئەی هەڤاڵ
قەت ڕێگە مەدە فریو بدرێی،
بۆ خۆت بە! و لەسەر ڕێگەی خۆت بڕۆ!
ئاخۆ تۆ دەزانی
کە چ شتێک نازانی!
...
لە دەرکەوتەکانی ژیانت ورد بەرەوە،
ئەتۆی کە دەبێ نرخەکەی بدەی.
قامک لەسەر هەموو ژمارەیەک دابنێ و
پرسیار بکە، ئەمە لە کوێوە هات؟
تۆ دەبێ ڕێبەری و دەسەڵات بەدەستەوە بگری!

تێبینی: وەرگێڕان لە زمانی سوێدییەوە.

سەرچاوەکان:

The Trial of Joan of Arc at Rouen 1952

Adapted from a radio play by Anna Seghers

Digitalized by RevSocialist for Socialistories

محاکمە ژاندارک در روان، برتولت برشت، عبدالله کوثری، انتشارات توس

وکیپیدیا، گەڕان بەشوێن وشەی ژاندارک
http://sv.wikipedia.org/wiki/Jeanned%E2%80%99Arc

کچە گوندییەکی نەخوێندەوار کە بوو بە سیمبۆلی نەتەوەیی فرەنسا نووسینی ئاندێرس ساندسترۆم
Anders Z Sandström är historiker med ett speciellt intresse för Frankrike.Han har bland annat publicerat Maktens ansikte och andra utflykter i den franska kulturhistorien.

http://www.popularhistoria.se/artiklar/jeanne-d%E2%80%99arc-%E2%80%93-bondflickan-som-blev-helgon-och-nationalsymbol/

شەڕ لەسەر ژاندارک بەردەوامە، ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت
http://www.svd.se/nyheter/utrikes/politiskt-slag-om-jeanne-darc6753563.svd

ئینسکلۆپێدیای نەتەوەیی فرەنسا و سوێدی
http://www.ne.se/bertolt-bert-brecht

دوو خوێندنەوەی جیاواز لە برێخت لە تیاتری یۆتەبۆری، ڕۆژنامەی هالاندپۆستێنی سوێدی
http://hallandsposten.se/nojekultur/recensioner/teaterrecensioner/1.1145163-tva-tolkningar-av-bertolt-brecht-pa-goteborgsscener



وێنەیەکی خەیاڵیی ژاندارک

## پێڕست


پێشەکی ........ 5
ژیان و بەسەرهاتی ژاندارک ........ 13
برێخت هەروەک ژاندارک لە ڕۆژهەڤدایە ........ 23
مەحکەمەی ژاندارک لە ڕوان ........ 27
پەردەی یەکەم ........ 33
پەردەی دووەم ........ 37
پەردەی سێیەم ........ 45
پەردەی چوارەم ........ 66
پەردەی پێنجەم ........ 77
پەردەی شەشەم ........ 83
پەردەی حەوتەم ........ 91
پەردەی هەشتەم ........ 92
پەردەی نۆیەم ........ 95
پەردەی دەیەم ........ 103
پەردەی یازدەم ........ 106
پەردەی دوازدەم ........ 110
پەردەی سێزدەم ........ 112
پەردەی چواردەم ........ 114
پەردەی پازدەم ........ 117
پەردەی شازدەم ........ 120
پاشکۆ ........ 124